# The Scientific Role of Kurdish Women in the Mamluk Era According to the Historical Books of Ibn Hajari Askalani (773, (852- AH- 1371- 1448 A.D

**Hakim Ahmed Mambakr**[1], **Salah Ahmed Othman**[2]
Salahuddin University, College of Arts, SoraN University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2473.13*
*Published: 23/12/2024*

## *Abstract*

*This study sheds light ،on a number of Kurdish female scholars and scholars in the Mamluk era (648-923 AH / 1250-1517 AD). The historian Ibn Hajar Al-Asqalani (773-852 K-1371-1448 A.D.) recorded their biographies through his historical books. They had a prominent role in serving the legal sciences and ، the honorable hadith of the Prophet ،and these Kurdish scholars participated in the education of hundreds of famous scholars and hadith scholars ،and thus they became a symbol of pride ،for Islamic civilization in general and the Kurdish nation in particular.*

***Keywords:*** *Ibn Hajar, Kurdish women, Mamluk era, Hadith science*

# ڕۆڵی زانستیی ژنی کورد لە سەردەمی مەمالیک بەگوێرەی پەرتووکە مێژووییەکانی ئیبن حەجەری عەسقەلانی (٧٧٣- ٨٥٢ک - ١٣٧١- ١٤٤٨ز)

پ. د. حیکم أحمد مام بکر خۆشناو
hakeem.mambakr@su.edu.krd
م. ی. صلاح أحمد عثمان
salah.othman@soc.soran.edu.iq

زانکۆی صلاح‌الدین - کۆلێژی ئاداب  زانکۆی سۆران

پوختە:
لەم توێژینەوەیەدا ڕووناکی دەخرێتەسەر ژیاننامەی ژمارەیەک ژنە زانای کورد، کە لە سەردەمی مەمالیک (٦٤٨ - ٩٢٣ک/ ١٢٥٠ - ١٥١٧ز) ژیاون، لەلایەن دیرۆکنووس ئیبن حەجەری عەسقەلانی ژیان و سەربوردەیان تۆمارکراوە، چونکە شانبەشانی پیاوان لە بواری زانستی و ڕۆشنبیریدا تێکۆشاون و خۆیان پێگەیاندووە، بە جۆرێک بوونەتە شەرعزان و فەرمووودەناسی ناسراو و پایەدار لە سەردەمی خۆیان، ئەم ژنە کوردانە لە پێگەیاندنی سەدان زانا و فەرموودەناسی ناوداری سەردەمی مەمالیک دەستیانهەبووە، بەمەش بوونەتە هێمای سەروەری و شانازی بۆ شارستانیەتی ئیسلامی بە گشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی.

# ڕۆڵی زانستیی ژنی کورد لە سەردەمی مەمالیک بەگوێرەی پەرتووکە مێژووییەکانی ئیبن حەجەری عەسقەلانی (٧٧٣ـ ٨٥٢ک ـ ١٣٧١ـ ١٤٤٨ز)

پێشەکی:

یەکێک لە دیارترین سیماکانی مێژوو و شارستانیەتی سەردەمی مەمالیک (٦٤٨ ـ ٩٢٣ک/ ١٢٥٠ ـ ١٥١٧ز) پێشکەوتنی ڕەوتی هزری و زانستی بوو، چونکە هەندێک لە سوڵتان و ئەمیر و پلەدارەکانی دەوڵەت هاوشێوەی پاشایانی ئەیوبی بایەخیان بەم لایەنە دەدا، ڕێزیان لە زانایان دەگرت و ماف و جیاوکی تایبەتیان پێدەدان و ناوەند و فێرگەی زانستیی جۆراوجۆریان بنیاددەنا و پێداویستییەکانیان بۆ تەرخاندەکردن، ئەمە بەهۆی شاڵاو و پەلاماری مەغۆڵەکان بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی، زانا و زانستخوازان بە لێشاو کۆچیان بۆ شام و مصری ناوەندی خەلافەت و هێزی موسڵمانان کرد، بۆیە خوێندن و فێربوون لەناو زۆربەی چین و توێژەکان بوونە دیاردەیەکی باوی سەردەم، ژنانیش شانبەشانی پیاوان لەم مەیدانەدا سەریاندەرهێنا و دەوری بەرچاویان بینی.

لەم ڕووەوە، ژنانی کورد وەک هەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی تری کۆمەڵگە و دەوڵەتی مەملوکی جێپەنجەیان دیارە و بگرە هەندێکیان پێشەنگن و ناویان چۆتە سەر لاپەڕەی سەرچاوە مێژووییەکان، ئیبن حەجەر (٧٧٣ـ ٨٥٢ک ـ ١٣٧١ـ ١٤٤٨ز) وەک یەکێک لە دیارترین مێژوونووسەکانی سەردەمی مەمالیک ژیاننامەی بەشێک لەو ژنە کوردانەی خستۆتەسەر لاپەڕەی پەرتووکە مێژووییەکانی، لەبەرئەوەی پێگەی زانستی و کۆمەڵایەتیی بەرزیان هەبووە و کەسایەتیی ناودار بوونە، بەمەش نەیهێشتووە پشکداری و دەوریان لە مێژوودا ونببێت.

بایەخداری لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی زانستیی ژنانی کورد لە سەردەمی مەمالیک بۆ مێژوو و شارستانیەتی کورد، لەوەوە سەرچاوەدەگرێت دەبێتە بەڵگەیەکی زانستی بۆ پشکداری کورد لە شارستانیەتی سەردەمی مەمالیک، هەروەها گرنگە ڕۆڵ و پێگەی ژنانی کورد لەو سەردەمدا بخرێتەبەر دیدی خوێنەران، تا بزاندرێت ژنی کورد گەیشتووەتە ئاستێکی بەرزی زانستی، دەشگونجێت بڵێین ئەم جۆرە توێژینەوانە پایەبەرزی ژنی کورد لەناو خێزان و کۆمەڵگەی کوردیی ئەوکات بەدەردەخەن، بەوەی مافی خوێندن و فێربوونیان پێدراوە و بواریان دراوەتێ لە مەیدانی ڕۆشنبیری و هزریدا خۆیان دروستبکەن و لە بەرەوپێشبردنی ڕەوتی زانستی ڕۆڵ ببینن.

دەمانەوێت لە دووتوێی توێژینەوەیەکی وەرگیراو لە تێزی دکتۆرا، لە ڕۆڵ و پێگەی زانستیی هەندێک لە ژنانی کورد لەژێر ڕۆشنایی ئەم پەرتووکە مێژووییانەی ئیبن حەجەری عەسقەلانی، بکۆڵینەوە: ١ـ إنباء الغمر بأبناء العمر ٢ـ الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة التاسعة ٣ـ المجمع المؤسس للمعجم المفهرس.

بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، توێژینەوەکە لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە: تەوەری یەکەم بە ناونیشانی (ناساندنی ئیبن حەجەری عەسقەلانی و پەرتووکەکانی

هەڵبژێردراو بۆ توێژنەوەکە)، ئەم باسانە لەخۆدەگرێت: ١. ناو و ڕەچەڵەکی ٢. پێگە و پایەی زانستی و هزریی عەسقەلانی ٣. ناساندنی پەرتووکە مێژووییەکانی هەڵبژێردراو بۆ توێژینەوەکە.
هەرچی تەوەرەی دووەمیشە بە ناونیشانی (ڕۆڵی زانستیی ژنی کورد لە سەردەمی مەمالیک بەگوێرەی پەرتووکە مێژووییەکانی ئیبن حەجەری عەسقەلانی)، لەم بابەتانە پێکهاتووە: ١. ژنە زاناکانی کورد لە سەدەی (٧ک/ ١٣ز) ٢. ژنە زاناکانی کورد لە سەدەی (٨ک/ ١٤ز) ٣. ژنە زاناکانی کورد لە سەدەی (٩ک/ ١٥ز).

**تەوەرەی یەکەم:**

**ناساندنی ئیبن حەجەری عەسقەلانی و پەرتووکەکانی هەڵبژێردراو بۆ توێژنەوەکە**

**١ . ناو و ڕەچەڵەکی:**

ناوی تەواوی بریتییە لە (أحمد کوڕی علی کوڕی محمد کوڕی محمد کوڕی علی کوڕی أحمد کوڕی محمود کوڕی أحمد کوڕی أحمدیل، العسقلاني المصري القاهري الشافعي) (المقریزي, ٢٠٠٢, ١/ ١٩٤؛ ابن حجر، ١٩٦٩، ١/ ٣) نازناوی (شهاب‌الدین) و کونیەکەی (أبو الفضل)ە، بە (ابن حجر العسقلاني) ناسراوە (السخاوي، ١٩٩٩، ١/ ١٠١).
ماڵباتی ئیبن حەجەر تا سەردەمی ئەیوبییەکان (٥٦٧ ـ ٦٤٨ک/ ١١٧١ ـ ١٢٥٠ز) لە شاری (عسقلان)[١] ژیاون (البصروي/ و ٣؛ ابن حجر، ١٩٩٤، ٣/ ص١٩٧)، بەڵام لە ساڵی (٥٨٧ک/ ١١٩١ز) بە فەرمانی (سوڵتان صلاح الدین ئەیوبی) بۆ مصر گواستراونەتەوە و لە (قاهیرە) نیشتەجێبوون[٢] چەند لێکۆڵەر و توێژەرێک پێیانوایە ئەگەری زۆرە ئیبن حەجەر کورد بووبێت، چونکە شەشەم باپیری ئیبن حەجەر ناوی (أحمدیل) بووە (المقریزي، ٢٠٠٢، ١/ ١٩٤؛ عمر بن فهد المکي، ١٩٨٢/٧٠؛ السخاوي، ١٩٩٩، ج١/ ١٠١)، دەگوترێت (أحمدیل)یش ناوێکی کوردییە (النقشبندي، ٢٠١٢/ ١٣٩: محمد، ٢٠٠٦/ ٤٠٢)، یەکێک لە ناودارانی کورد کە هەڵگری ئەم ناوە بووبێت، میری میرنشینی ڕەوادی (أحمدیل کوڕی إبراهیم کوڕی وەهسوزانی ڕەوادیی کوردی م: ٥١٠ک/ ١١١٧ز)یە[٣]، کە لە سەرچاوەکان بە (أحمدیل الکردی) ناوی هاتووە (ابن القلانسي، ١٩٨٣/ ٢٧٩؛ ابن الأثیر، ١٩٩٧، ٨/ ٦١٢؛ ابن العدیم، ١٩٩٨/ ٢٥٣، ٢٥٥؛ ابن أبي الهیجاء، ١٩٩٣/ ١٧٣).

**٢ . پێگە و پایەی زانستی و هزریی عەسقەلانی:**

ئیبن حەجەر لە مانگی شەعبانی ساڵی (٧٧٣ک/ ١٣٧١ز) لەدایک بووە (سبط ابن حجر، و/٢٠؛ ابن الخطیب الناصریة، ٢٠١٨، ٣٣٦/١؛ ابن طولون، ١٩٨٠، ٢/ ٤٥٤) باوکی کەسێکی بەپەرۆش بووە تاوەکو کوڕەکەی لەسەر ڕێبازێکی پەروەردەیی دروست پێبگەیەنێت، بۆیە پێش مردنی سەرپەرشتیکردن و پەروەردەکردنی کوڕەکەی خستە ئەستۆی چەند زانا و پەروەردەکارێک، بۆ ئەوەی بەگوێرەی بنەماکانی پەروەردەی ئیسلامی پەروەردەی بکەن و فێری زانست و زانینی بکەن، یەکێک لەمان (زکي‌الدین الخروبي م: ٧٨٧ک/ ١٣٨٦ز)[٤] بوو، ماوەیەک لەسەر دەستی ئەو پەروەردەکراوە (ابن حجر، ١٩٩٨/ ٢١٣ ـ ٢١٤؛ البقاعي، ٢٠٠١، ١/ ١١٦ ـ ١١٧) هەرچەندە باوکی زوو مردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ڕێچکەیەکی تەندروست و تۆکمە پەروەردەکراوە، چونکە

لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی زانایان پێگەیشتووە: "فنشأ يتيما في غاية العفة والصيانة والرياسة" (السخاوي، ١٩٩٩، ١/ ١٢١).

ئیبن حەجەر لە تەمەنی لاویدا کاتی بە شتی لاوەکی بەفیرۆنەداوە، تام و چێژی سەردەمی منداڵی نەکردووە (السخاوي، ١٩٩٩، ١/ ١٢١)، هەر لە تەمەنی پێنج ساڵیدا نێردراوەتە فێرگەی خوێندن و نووسین، کە ئەوکات پێیان دەگوترا (الکتاب ـ الکتاتیب) لەوێ دەستی بە خوێندن کردووە، لەلای ژمارەیەک زانا قورئانی پیرۆزی خوێندووە، تا لە تەمەنی نۆ ساڵیدا هەموو قورئانی لەبەرکردووە (ابن حجر، ١٩٩٨/ ٦٢؛ ابن فهد المكي، ١٩٩٨/ ٢١١)، لە تەمەنێکی کەم بەهرە و توانای سەرنجڕاکێشی لێبەدیکراوە "فرزق في الصبا سرعة الحفظ" (المقريزي، ٢٠٠٢، ١/ ١٩٤)، هاوشێوەی کەسانی زیرەک و بەهرەدار دەیخوێند، توانای تێگەیشتنی لە ڕادەبەدەر بەرزبووە، لە ماوەیەکی کەم لە شتەکان قوڵ دەبوویەوە و لێکدانەوە و خوێندنەوەی خۆی بۆ دەکرد (البقاعي، ٢٠٠١، ١/ ١١٦).

لە سەرەتای پێگەیشتنیدا، ئیبن حەجەر بایەخی بە شارەزابوونی (مێژوو) و (ئەدەب) داوە، لە ساڵی (٧٩٢ک/ ١٣٩٠ز) واتە لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا بە دوای سەرچاوە مێژوویی و ئەدەبییەکان دەگەڕا و داوایدەکردن و دەیخوێندنەوە، هەروەها لەلای زانایان گوێبیستیدەگرتن، بۆیە دەبینین لە تەمەنی لاویدا پەرتووکەکانی (الأغاني) و (الکامل في التأريخ) و چەندان پەرتووکی تری خوێندووەتەوە، خولیای زۆری بۆ خوێندنەوەی پەرتووکە مێژوویی و ئەدەبییەکان، هۆکار بوو تا لە تەمەنێکی کەم لە مێژوو و ژیاننامەی ناوداران شارەزابێت و لە دانانی هۆنراوە بەرەوپێش بچێت (ابن حجر، ١٩٩٤، ٣/ ١٥٩؛ السخاوي، ١٩٩٩، ١/ ١٢٥). "وأول ما كان نظره في الأدب والتاريخ ففاق في فنونهما" (ابن فهد المكي، ٢١٢/١٩٩٨) مێژوونووس (البقاعي م: ٨٨٥ک/١٤٨٠ز) دەڵێت: "لە ساڵی (٧٩٧ک/ ١٣٩٥ز) شارەزایەکی باشی لە مێژوو هەبوو، زۆری لێدەزانی، زانیاری وردی لەسەر ڕووداو و هەواڵ و بارودۆخی خەڵکی سەردەمەکەی هەبوو، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەواڵی ڕۆژگاری بۆ ئێمە دەگواستەوە، چونکە ئەو سەبارەت بە هەواڵەکانی جیهان لە زاناترینی خەڵک بوو) (البقاعي، ٢٠٠١، ١/ ١٢٢). هاوکات دەستیداوەتە دانانی هۆنراوە (السیوطي، ١٩٦٧، ١/ ٣٦٣)، بە جۆرێک دیوانێکی بە ناوی (السبع السيارة النيرات) بەرهەمهێنا، هۆنراوەکانی بە ئاستێکی بەرز نووسراون "و لە شعر أعذب من ماء الزلال وأعجب من السحر" (المقريزي، ٢٠٠٢، ١، ص١٩٩).

جگە لە مێژوو و ئەدەب، ئەوا فیقهـ فەرموودە، ڕاڤە، نەحو، أصول فیقهـ و ژمارەیەک زانستی تری عەقڵی و نەقڵی دەخوێند (السخاوي، ١٩٩٩، ١/ ١٢٨)، بە جۆرێک تا ساڵی (٨٠٠ک/ ١٣٩٨ز) واتە لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵان بناغەی ڕۆشنبیریی ئیبن حەجەر پێکهاتووە، لەمەدا چەند پاڵنەرێک هاوکاری بوون، لەوانە: چالاکی بزاڤی زانستی و هزری لە سەردەمی مەمالیک، هەروەها بەهرەمەندی و زیرەکیی خۆی و بەردەوام بوون لە ڕەوتی فێربوون و پەیوەندیکردن بە ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی سەردەمی خۆی، بە جۆرێک ژمارەی فێرکارەکان و ئەو پەرتووکانەی، کە خوێندوویەتی و گوێبیستیان بووە ئەوەندە زۆرن، ئاسان نییە هەژماریانبکەی (ابن فهد المكي، ١٩٩٨/ ٢١١)، جێگەی باسە ئیبن حەجەر دوو پەرتووکی نووسیون، یەکێکیان تایبەتە بە ژیانی

ماموستاکانی و ئەو زانستەی لەلای خوێندوون، بە ناوی (المجمع المؤسس للمعجم المفهرس)، ئەوی تریان بە ناوی (المعجم المفهرس أو تجريد أسانيد الكتب المشهورة والأجزاء المنثورة) تیایدا باسی ئەو کتێبانە دەکات، کە لە هەموو بوارەکان خوێندوویەتی و گوێبیستیان بووە، لەگەڵ ئاماژەکردن بەو شێخانەی کە مۆڵەتیان پێداوە و ئەوانەش کە فەرموودەیان لێدەگێڕێتەوە، لەم دوو پەرتووکە دەردەکەوێت ئیبن حەجەر لەسەر دەستی زیاتر لە (٧٠٠) زانا فێری زانستەکانی شەرع، قرائات، فەرموودە، ڕاڤە، نەحو، مێژوو، ئەدەب بووە، کە زۆرێکیان کەڵە زانای هەڵکەوتووی سەردەمی خۆیان بوونە و کاریگەریی زۆریان لەسەر کەسایەتی و بنیادی هزری عەسقەلانی دروستکردووە (المقريزي، ٢٠٠٢، ١/ ١٩٥؛ السخاوي، ١٩٩٩، ٢/ ٦٧٠)، شایەنی باسە لەپێناو خۆپێگەیاندن لە ماوەی تەمەنیدا چل و نۆ شوێن لە مصر، شام، یەمەن، حیجاز و هەرێمی جەزیرەی فوراتی گەڕاوە. (بۆ سوود و بەرهەمی گەشتەکانی، بڕوانە: السخاوي، ١٩٩٩، ١/ ١٥٦ ـ ١٦١؛ المناوي، ١٩٩٩، ١/ ٣٩؛ ابن كنان، ١٩٤٧/ ٣٨).

عەسقەلانی، بەشی زۆری ژیانی خۆی بۆ خوێندەوە، لێکۆڵینەوە، نووسین و وانەگووتنەوە تەرخانکرد (ابن تغري بردي،٢٠٠٩، ٢/ ٢٣) "وقصر نفسه عليه مطالعة واقراء وتصنيفا" (الشوكاني، د. ت،١/ ٨)، لە ئاکامدا، لە سەدەی (٩ک/١٥ز) وەک زانایەکی گەورەی مەوسووعی ناودار هەڵکەوت، کە لە چەندین بواری جیاجیای زانستە شەرعی و عەقڵییەکان شارەزا و باڵادەست بوو، تا ئەو ڕادەیەی بە (الملك العلماء) و (كيمياء العلم) ناوبراوە (السخاوي،١٩٩٩، ٣/ ١٢٣٤)، زانایان گەلێک ستایشیان کردووە و زۆریان پێهەڵگوتووە و نازناوی زانستی و ئاینی زۆریان پێڕەوابینیوە، لەوانە: شێخی ئیسلام، دەریای زانیاری، حبر الأمة، (عمدة المحققين)، شانازیی سەردەم، بەڵگە، ڕەخنەگری ئەزموندار، پزیشکی فەرموودە، پێشەوای موسڵمانان لە سەردەمەکەی، عەلامە لە معرفة الرجال وأسماء الرجال، حافظی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، پێشەنگی زانایان و بێوێنەی ڕۆژگار (الفاسي، ١٩٩٠، ١/ ٣٥٥؛ ابن الخطيب الناصرية، ٢٠١٨، ١/ ٣٣٧؛ ابن فهد المكي، ١٩٩٨/ ٢١١).

عەسقەلانی دیرۆکنووس، ئەدیب، فەرموودەناس، ڕاڤەوان، نەحەوی، زانایەکی هۆشمەند و وریا بووە، توانای تێگەیشتنی بەرز بووە، بەوە ناسراوە کە لە زانین و دەرخستن و نووسین خێرا بووە (البقاعي، ٢٠٠١، ١/ ١٣٨؛ ابن فهد المكي، ١٩٩٨/ ٢٠١١؛ السخاوي، ٢٠٠٢، ٢/ ٣٩)، ئەمەش هۆکار بوو بۆ بەرهەمهێنانی (٢٧٩) پەرتووکی بایەخدار لە بوارەکانی: مێژوو، ژیاننامە (التراجم)، علم الرجال[٥]، فەرموودە، ڕەچەڵەک (الأنساب)، وێژە (الأدب)، زمانی عەرەبی، ڕاڤەکردن (التفسير)، زانستەکانی قورئان (علم القراءات)، فیقهـ أصول فیقهـ و چەند بوارێکی تریش. بەهۆی پڕ زانستی و بەسوودیان بەشی زۆری پەرتووکەکانی بایەخدار و پشتپێبەستراون، لەوانە: (فتح الباري بشرح صحيح البخاري) و (نخبة الفكر في مصطلح أهل الأثر) لە بواری فەرموودە، (بلوغ المرام من أدلة الاحكام) لە بواری فیقهـ و (العجاب في بيان الأسباب ـ أو أسباب نزول القرآن) لە زانستی قورئان. بۆ زانیاری دەربارەی ناو و بابەتی پەرتووکەکانی بۆ: (السخاوي، ١٩٩٩، ٢/ ٦٥٩ ـ ٦٩٥؛ عبدالمنعم، ١٩٩٧، ج١/ ١٧٣ ـ ٣٨٦) بگەڕێوە.

شایەنی باسە زۆرترین پەرتووکەکانی لە بوارەکانی فەرموودە و مێژوون، بەرهەمە هزرییەکانی عەسقەلانی پەسەند و ستایشکراون و بە سەرچاوە و پێڕەوی سەرەکی دادەنرێن، بوونەتە هۆی ڕۆشنبوونی ڕێگای زانستخوازان، هەمیشە جێگەی بایەخی زانایان و قوتابیان بوونە، تا ئەو ڕادەیەی جگە لە فێرخوازان، شێخەکانیشی پشتیان بە نووسینەکانی بەستووە "واعتنى بتحصيل تصانيفه كثير من شيوخه وأقرانه" (السيوطي، ١٩٩٨/ ٢٥١)، لە بارەی ئاستی نووسینەکانی، مێژوونووس (البقاعي) دەڵێت: "نووسینی شکۆمەند و بەنرخ و بەپێزی بەرهەمهێناون و گەواهی بۆ توانا و گەورەییی ئەو دەدەن" (البقاعي، ٢٠٠١، ١/ ١٢١)، هەروەها (نجم‌الدين ابن فهد المكي م: ٨٨٥ک/ ١٤٨٠ز) بەم شێوەیە بەرهەمەکانی هەڵدەسەنگێنێت: "پەرتووکی بەسوود و جوان و بەهاداری نووسیوون، کە ئاماژەن بۆ چڕی زانیارییەکانی و مەبەستی چاکی، بەهۆیانەوە کەوتە پێش هاوچەرخەکانی و ناو و ناوبانگی بڵاوبوویەوە" (نجم‌الدين ابن فهد المكي، ١٩٩٨/ ٢١٣).

سەرەڕای نووسینی پەرتووک، ئیبن حەجەر ژمارەیەک پلە و پۆستی ئاینی و کارگێڕی و زانستی وەرگرتوون، لەوانە: دادوەری، وتاردان، فەتوادان و بەڕێوەبردنی پەرتووکخانە، ئەمە و تا مردنی لە وانەگوتنەوە بەردەوامبووە، لە پازدە فێرگەی جیاواز[٦] زانستەکانی (فەرموودە، ڕاڤە، شەرع)ی، گوتوەتەوە، وانەکانی بەوە دەناسرێنەوە، سەرەڕای توێژی فێرخوازان، زانا و شەرعزان و دادوەرەکانیش تیایدا بەشدار دەبوون (ابن تغري بردي، ٢٠٠٩، ٢/ ١٩)، تا لە ژیاندا بووە وەک ڕووگەی زانست وابووە، بێئەندازە خەڵک لە هەموو چین و توێژەکان ڕوویان تێدەکرد، فێرخوازان، زانایان، ناوداران، لە ناوەو و دەرەوەی مصر کۆمەل کۆمەل بە مەبەستی سوودبینین لە زانستەکەی بەرەوپیری دەهاتن (السخاوي، ٢٠٠٣، ٢/ ٣٩). دوای ژیانێکی پڕ لە دەستکەوتی زانستی، لە سەرەتای مانگی ذی الحجەی ساڵی (٨٥٢ک/ ١٤٤٩ز) کۆچی دوایکرد و هەر لە شاری (قاهیرە) بە ئامادەبوونی سوڵتانی مەمالیک و پەنجا هەزار کەس بەخاکسپێردراوە. (الغزي العامري، ١٩٩١/ ١٣٦؛ السخاوي، ١٩٩٢، ٢/ ٢٨).

**٣. ناساندنی پەرتووکە مێژووییەکانی هەڵبژێردراو بۆ توێژینەوەکە:**

لەناو ئەو ژمارە زۆرەی پەرتووکەکانی عەسقەلانی، (٨٤) بەرهەمیان تایبەتن بە بواری مێژوو، ژیاننامە (التراجم)، (علم الرجال) و (مشيخة ـ المشيخات) (بڕوانە: عبدالمنعم، ١٩٩٧؛ السلامة،٢٠٠٢)، لەگەڵ ئەوەی لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە سوودمان لە ژمارەیەک پەرتووکی مێژوویی و نامێژوویی ئیبن حەجەر وەرگرتووە، بەڵام تەنیا سێ پەرتووکمان کردوونەتە نموونەی سەرەکی ئەوانیش:

١ـ إنباء الغمر بأبناء العمر:

بەناوبانگترین بەرهەمی مێژوویی ئیبن حەجەرە، لە بواری مێژووی گشتی، بەها و بایەخێکی زۆری هەیە، یەکێکە لە سەرەکیترین و باوەڕپێکراوترین سەرچاوە مێژووییەکانی سەردەمی مەمالیک لە هەموو ڕوویەکەوە (حسن، ١٩٦٣/ ١٨١؛ العزاوي، ١٩٥٧/ ٢٣٤؛ عبدالغني، ١٩٩١/ ١٢٨)، دانەر ڕووداوە مێژووییەکان و بەسەرهات و ژیاننامەی ناودارانی تۆمار کردووە، هەر لە ساڵی لەدایکبوونییەوە (٧٧٣م/ ١٣٧١ک) تا ساڵی (٨٥٠ک/ ١٤٤٦ز)، ڕووداوە مێژووییەکانی ناو ئەم پەرتووکە بە شێوازی (حولی) واتا بەگوێرەی ساڵەکان پۆلێنکراون، لە ساڵی (٧٧٣ک/١٣٧١ز)

دەستپێدەکات و لە (٨٥٠ک/ ١٤٤٧ز) کۆتاییپێدێنێت (حاجي خليفة، ١٩٤١، ١/ ١٧٠؛ ابن العماد، ١٩٨٦، ج٧/ ٢٦٧).

لە سەرەتای هەموو ساڵێک دەست بە گێڕانەوەی هەواڵ و ڕووداوی هەمەچەشنی (سیاسی، ئاینی، سەربازی، کارگێڕی، زانستی، هزری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سروشتی، گەردوونی و سەیروسەمەرە ... هتد) دەکات، دوای کۆتاییهاتنی هەواڵ و ڕووداوەکان، بە جیا ژیاننامەی کەسایەتییە ناودارەکان کە لەو ساڵەدا مردوون، دەخاتەڕوو، ناودارەکانی ناو (إنباء الغمر) لە ڕووی: ڕەگەز، ڕەچەڵەک، ئاین، پێگە و پایە، بیروباوەڕ و پیشە هەمەچەشن و جۆراوجۆرن، ناوەکانیشیان بەگوێرەی پیتەکانی (الهجائي) ڕیزکراون، هەروەک خۆی لە پێشەکیدا پەرتووکەکەی دەناسێنێت و دەڵێت: "هذا تعليق جمعت فيه حوادث الزمان الذي أدركته منذ مولدي سنة ثلاث وسبعين وسبعمائة وهلم جرا مفصلا في كل سنة أحوال الدول عن وفيات الأعيان..." (١/ ٣ ـ ٤) پەرتووکی (إنباء الغمر) لەیەککاتدا هەم بۆ ڕووداو و هەواڵەکان و هەمیش بۆ ژیاننامەی کەسایەتییە ناودارەکان تەرخانکراوە، بە جۆرێک بەشی ڕووداوەکان و بەشی ژیاننامەی کەسایەتییەکان لە یەکتر جیاناکرێنەوە، واتە زۆرجار وردەکاریی بابەتێک لە بەشی کەسایەتییەکان باسکراوە "كما سيأتي في الوفيات" یان بە پێچەوانەوە، وردەکاریی دەربارەی کەسایەتییەک لە ناو ڕووداوەکانی ساڵێک خراوەتەڕوو "تقدم ذكر قتله في الحوادث" بڕوانە: (ج١/ ٣٩٨، ٣/ ١٤٨).

ئەم پەرتووکە جگە لەوەی ڕووداو و بویەرە سیاسییەکانی جیهانی ئیسلامی و دەرەوەی ئەم جیهانەشی لە ماوەی نێوان ساڵانی (٧٧٣ ـ ٨٥٠ک تا ١٣٧١ـ ١٤٤٦ز) لەخۆگرتووە، لە هەمانکاتدا دەربارەی شارستانیەت و شێوازی بەڕێوەبردن و لایەنی کارگێڕی لە دەوڵەتی مەمالیک و هێزە هاوچەرخەکانی[٧] سەرچاوەیەکی بنەڕەتییە، وێڕای ئەوانەش، بۆ پێوەندییەکانی مەمالیکەکان لەگەڵ دەوڵەت و قەوارەکانی دەوروبەری سەرچاوەیەکی سەرەکییە، هەروەها وێنەیەکی ڕوون دەربارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئاینی، زانستی، هزری، تەندروستی، سروشتی، گەردوونی پیشاندەدات، بە پلەی یەکەم لە مصر، شام و یەمەن، پاشان حیجاز، عێراق، هەرێمی جەزیرە، وڵاتی فارس، حەبەشە، مغرب و دەوروبەری، ئەندەلوس، هیند، وڵاتانی ئەو دیو ڕووبار، وڵاتی ڕۆم و هەموو ئەو شوێنانەی پێوەندییان لەگەڵ مەمالیکەکان هەبووە، لەلایەکی تر تۆمارێکی مێژوویی بەسوودە بۆ ژیاننامەی ناودارەکان لە هەموو چین و توێژەکان (خەلیفەکان، سوڵتانەکان، ئەمیرەکان، سەرکردە سەربازییەکان، زاناکان، دادوەرەکان، وەزیرەکان، دیندارەکان، پیاوچاکان، بازرگانەکان و گۆرانی بێژان ... هتد" لە ماوەی حەوتا و حەوت ساڵدا. چەند هۆکارێک لە پشت نووسینی ئەم پەرتووکەوە بوونە، لەوانە بایەخی زانستی مێژوو لای ئیبن حەجەر و هەبوونی شارەزاییی بەرفراوان لەو بوارە، هەروەها هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی بۆ درێژەدان بە تۆمارکردنی مێژووی موسڵمانان و بە بەڵگەییکردنی ڕووداوەکانی سەردەمەکەی، بە مەبەستی تەواوکردنی نووسینی مێژوونووسانی پێش خۆی و بەردەوامیدان بە زنجیرەی مێژوو، هەروەک لە پێشەکی پەرتووکەکەی ئاماژەی بۆ کردووە و دەڵێت: "وهذا الكتاب يحسن من حيث الحوادث أن يكون ذيلا على ذيل تاريخ الحافظ عمادالدين ابن كثير فإنه انتهى في ذيل تاريخه إلى هذه

السنة، ومن حيث الوفيات أن يكون ذيلا على الوفيات التي جمعها الحافظ تقيالدين ابن رافع فإنها انتهت أيضا إلى أوائل هذه السنة" (ج١/ ٥).

٢ـ الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة (الوفيات الكامنة لأعيان المائة الثامنة):

یەکێکی ترە لە جوانترین دیارییەکانی ئیبن حەجەر بۆ پەرتووکخانەی مێژوو، پەرتووکێکی ناوداری ژیاننامەیە (التراجم)، بۆ ناودارانی سەدەیەکی دیاریکراو تەرخانکراوە، سەرەکیترین سەرچاوەیە بۆ ژیاننامەی ناودارانی سەدەی (٨ک/ ١٤ز) (الوافي، ٢٠٠٨/ ٣٠٤؛ خضر، ١٩٩٥/ ٢٠٠٥؛ سالم، ٢٠١٠/ ١٨٢)، هەروەک خۆی لە پێشەکییەکەیدا پێناسەی کردووە و دەڵێت: "أما بعد فهذا تعليق مفيد جمعت فيه تراجم من كان في المائة الثامنة من الهجرة النبوية من ابتداء سنة إحدى وسبعمائة إلى آخر سنة ثمانمائة من الأعيان والعلماء والملوك والأمراء والكتاب والوزراء والأدباء والشعراء وعنيت برواة الحديث النبوي) (٢/١).

دانەر ناوی کەسایەتییەکانی بەگوێرەی پیتی (الهجائی) ڕیزبەندکردووە، لە میانەی گێڕانەوەی ژیانی ناوداران زانیاریی تەواو لەسەر هەموو لایەنەکان دەخاتەبەردەست، بەم ڕێکخستنە: ناوی تەواوی، ڕەچەڵەکی، نازناوی، کونیەی، ئەو ناوەی پێی بەناوبانگە (اسم الشهرة)، هۆزەکەی، نیشتیمانەکەی، ئاین و بیروباوەڕی، لەدایکبوون و پێگەیشتنی، گەشتەکانی، شارەزاییی (زانستی، کارگێڕی و هونەری)، بەرهەمەکانی، خوڕەوشت و ڕەفتاری کەسی (لایەنی ئەرێنی و نەرێنی کەسایەتی)، خاسیەتی جەستەیی، پێگە و پۆستەکانی، پەیوەندییەکانی، بۆچوونەکان لەسەری، پیشەکەی، خولیا و ئارەزووەکانی، مردن و ساڵەکانی تەمەنی.

ناوەڕۆکی (الدرر الكامنة) بە پێکهاتەیەک یان توێژێکی دیاریکراوی نێو کۆمەڵگە سنووردار نییە، بەڵکو هەموو چین و توێژەکانی بە جیاوازیی (پلە و پایە، ڕەگەز، ڕەچەڵەک،. ئاین، بیروباوەڕ و پیشە) تێدا کۆکراوەتەوە، وەک: (خەلیفەکان، سوڵتانەکان، پادشاکان، ئەمیرەکان، وەزیرەکان، زاناکان، شاعیرەکان، دادوەرەکان، وتاربێژان، ئامۆژگاریکاران، پەردەداران، جێگرەکانی سوڵتانەکان، پیاوچاکان، بازرگانەکان، فرۆشیاران، کارزانەکان، گۆرانی بێژان و کەسانی تایبەت و جیاواز ... هتد)، کە ژمارەیان دەگاتە (٥٣٢٣) کەسایەتی. هەروەها لە ڕووی کاتەوە پەرتووکەکە ژیان و بەسەرهاتی کەسایەتییە ناسراوەکانی ماوەی ساڵانی (٧٠١ک/١٣٠١ز) تا (٨٠٠ک/ ١٣٩٨ز)ی، لەخۆگرتووە، سەبارەت بە شوێنیش ئەوا (الدرر الكامنة)، گشتگیرە و کەسایەتییەکانی جیهانی ئیسلامی و چەندان شوێنی دەرەوەی ئەو جیهانەش لەخۆدەگرێت، وەک: (مصر، شام، حیجاز، یەمەن، عێراقی عەرەبی، عێراقی عەجەمی، وڵاتی فارس، هەرێمی جەزیرەی فوراتی، وڵاتی ڕۆم، مەغریب، ئەندەلوس، وڵاتانی ئەودیو ڕووبار.. هتد)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گشتگیرییەتی مێژوو لای ئیبن حەجەر.

ئەم سەرچاوە مێژووییە جگە لەوەی ژیاننامەی ناودارانی سەدەیەکی لەخۆگرتووە، لە هەمانکات وێنەیەکی ڕوونی ڕەوشی سیاسی، کارگێڕی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، زانستی و هزری لە سەدەی (٨ک/ ١٤ز) بە گشتی و سەردەمی مەمالیک بەتایبەتی دەنەخشێنێت، بۆیە لە هەموو ڕوویەکەوە سەرچاوەیەکی سەرەکییە. شایەنی باسە ئیبن حەجەر وەک هەموو دانراوەکانی تری، لێرەشدا بایەخی زۆری بە تۆمارکردنی ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە هەموو ڕوویەکەوە داوە، بڕوانە:

(جمال‌الدین، ٢٠٠٣/ ٩ ـ ٣١)، لەم پەرتووکەدا ژیانی ژمارەیەکی زۆر ژنی ناوداری گێڕاوەتەوە، بەهۆیەوە بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی بەشداری و ڕۆڵی ژنان لە سەردەمی مەمالیک سەرچاوەیەکی گرنگە.

٣ـ المجمع المؤسس للمعجم المفهرس:

دانراوێکی تری بەنرخی ئیبن حەجەر لە بواری (المشیخة ـ المشیخات) تایبەتە بە ژیان و سەربوردەی شێخەکانی لە پیاو و ژنەکان، ئەوانەی کە لەلای خوێندوون و گوێبیستیان بووە و مۆڵەتی لێوەرگرتوون، لە پێشەکی پەرتووکەکەدا دەڵێت: "زۆرێک لە فەرموودەناسانی پێشینانمان گرنگیان بە کۆکردنەوەی ناوی شێخەکانیان و تۆمارکردنی هەواڵی گەورەکانیان داوە، منیش شوێنپێیانکەوتم، بۆ بەبیرهێنانەوەیان و نوێکردنەوەی سۆز و بەزەیی بۆیان، ناوی شێخەکانم کۆکردەوە" (١٩٩٤، ١/ ٧٥ ـ ٧٦) لەو بەرهەمەدا ژیانی (٧٣٠) زانای نووسیووەتەوە، کە لێیانەوە فێری زانستی جۆراوجۆر بووە، ناوەکانیانی بەگوێرەی پیتەکانی (هجائی) ڕیزکردووە، لە میانەی گێڕانەوەی ژیاننامەی شێخەکانی تیشکدەخاتەسەر: ناویان، ڕەچەڵەکیان، پێگەیشتنیان لە بواری زانست، ئاستی زانین و ئەو پۆستانەی وەریانگرتووە، هەروەها خاسیەتەکانیان، لەگەڵ ئاماژەکردن بەو زانست و پەرتووکانەی، کە لەلایانی خوێندوون یان گوێیلێگرتوون، باسکردنی کات و شوێنی ئامادەبوون لە وانەکانیان و وەرگرتنی مۆڵەت لێیان، ساڵی (٨٠٦ک/ ١٤٠٤ز) دەستی بە نووسینی کردووە، لە ساڵی (٨٤٥ک/ ١٤٤٢ز) بە کۆتای گەیاندووە (١٩٩٨، ٣/ ٨٣)، سەرەڕای ئەوەی پەرتووکی (المجمع المؤسس) بۆ سەربوردە و ژیانی زانایانی سەدەی (٨ک/ ١٤ز) و نیوەی یەکەمی سەدەی (٩ک/ ١٥ز) فەرهەنگێکی گەورەیە، ئەوا بۆ لێکۆڵینەوە لە بزاڤی زانستی و ڕۆشنبیری و چەندین لایەنی تری سەردەمی مەمالیک سەرچاوەیەکی زانستیشە.

ئیبن حەجەر لە نووسینی ئەم پەرتووکە مێژووییانە ڕێبازێکی ڕەخنەیی چ لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و چ لە تۆمارکردنی ژیاننامەی ناوداران پەیڕەوکردووە، بە جۆرێک مێژنوونووسان بە (ناقد الأسانید والألفاظ) و (الناقد الجهبذ) ناوی دەهێنن (البقاعي، ٢٠٠١، ١/ ١١٥؛ ابن طولون، ١٩٨٠، ٢/ ٤٥٤؛ محمد، ١٩٩٤/ ١٣١) ,هەروەها بۆ نووسینیان پشتی بە ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی جۆراوجۆر بەستووە، لەم بارەیەوە بڕوانە: (عزالدین ،١٩٨٤، ص ١٨٩ ـ ٥١٧؛ السلمي، ١٩٨٦/ ١٨ ـ ٢٢؛ الجبوری، ٢٠١٠؛ کبیسي، ٢٠١٣).

بایەخی ئەم پەرتووکە مێژووییانە لەوە بەدەردەکەوێت، مێژوونووس و لێکۆڵەرانی سەردەمی خۆی و دوای خۆشی وەک سەرچاوەی سەرەکی بۆ توێژینەوە و نووسینەوەی مێژوو و شارستانیەتی سەردەمی مەمالیک و پێشتریش پشتیانپێبەستوون، چونکە زۆرجار بۆ بابەتە مێژووییەکانی سەردەمەکانی پێش خۆی دەگەڕێتەوە و شیکاریان بۆ دەکات (بۆ نموونە بڕوانە: ابن قاضي شهبة، ١٩٨٧، ٣/ ٣٥؛ سبط ابن العجمي، ١٩٩٧، ١/ ٧٥، ١٦٧؛ السیوطي، ٢٠١٠، ٢/ ٥؛ الغزي، ١٩٨٣/ ٢٥٨).

ئیبن حەجەر لەم پەرتووکانە و ئەوانی تریش ژیاننامەی ژمارەیەک ژنی ناوداری کوردی نووسیوەتەوە، کە لە بواری زانستە شەرعییەکان شارەزای زۆریان هەبووە، بەتایبەتی زانستی فەرموودە، بۆیە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی کورد لە سەردەمی مەمالیک سەرچاوەی سەرەکین.

## تەوەرەی دووەم
## ڕۆڵی زانستیی ژنی کورد لە سەردەمی مەمالیک بەگوێرەی پەرتووکە مێژووییەکانی ئیبن حەجەری عەسقەلانی

**یەکەم: ژنە زاناکانی کورد لە سەدەی (٧ک/ ١٣ز):**

ئەگەرچی ئەو پەرتووکانەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە دیارکراون تایبەتن بە ماوەی (٧٠١ ـ ٨٥٢ک/ ١٣٠١ ـ ١٤٤٨ز)، لەگەڵ ئەوەشدا ژیاننامەی چەند ژنە زانایەکی کوردیان لەخۆگرتووە، کە لە سەدەی (٧ک/ ١٣ز) ژیاون ئەوانیش:

١ـ عصمةالدين مؤنسة خاتون، کچی الملك العادل سيفالدين أبوبكر کوڕی أيوب الأيوبية (٦٠٣ ـ ٦٩٣ک/ ١٢٠٦ ـ ١٢٩٣ز).

ئاشکرایە یەکێک لە سەروەرییەکانی پادشا و ئەمیرەکانیماڵباتی ئەیوبی بایەخدان بە زانست و مەعریفە بووە، ئەمە لەناو ماڵباتەکە نەریتێکی گشتگیر بووە، تەنانەت ژنەکانیش لێی بێبەشنەبوون، بەڵکو شانبەشانی پیاوەکان سەروەریی زۆریان تۆمارکردووە، ئیبن حەجەر بە هەندێک لە ژنی ناوداری ئەیوبی ئاشناماندەکات، کە پێگە و پایەی کۆمەڵایەتی و زانستیی بەرزیان لە سەردەمی مەمالیک لە شام و مصر هەبووە.

یەکێک لەمان عصمةالدين مؤنسة خاتونە، هەرچەندە پێش سەدەی حەوتی کۆچی/ سێزدەی زاینی ژیاوە، بەڵام لەبەرئەوەی لە بزاڤی زانستی و ڕۆشەنبیریدا پێگەیەکی بەرچاوی هەبووە، ئیبن حەجەر لە چەندین شوێن ناوی هێناوە و ئاماژەی بە ڕۆڵەکەی کردووە، بۆیە بۆ لێکۆڵەران بووەتە سەرچاوە (بڕوانە: كحالة، د. ت، ج٥، ١٢٧)، بەگوێرەی زانیارییەکانی ئیبن حەجەر ئەم ژنە ناودارە لە قاهیرە ژیاوە، لەلای ژمارەیەکی زۆر لە شەرعزانانی شارەکە خوێندوویەتی، مۆڵەتی شارەزابوون لە زانستی شەرع و گێڕانەوەی فەرموودەی لە کۆمەڵێک زانا وەرگرتووە، لە بواری زانستی فەرموودە کارامەیی زۆری تێدابووە، فەرموودەی گێڕاوەتەوە، فێرخوازی زۆری پێگەیاندووە، ژمارەیەک شەرعزان و ناودار ئامادەی وانەکانی بوونە و مۆڵەتیان لێوەرگرتووە، یەکێک لەمان ئەمیر و فەرموودەناسی ئەیوبی (فخرالدين عثمان کوڕی الملك المغيث م: ٧٣٥ک/١٣٣٥ز)ە. (بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو زانایانەی زانستیان لە مؤنسة وەرگرتووە، بڕوانە: ابن حجر، ١٩٧٢، ٣/ ٩٢، ٢٥٩؛ ١٩٩٢، ١/ ٣٤٧؛ ابن حجر، ١٩٩٨/ ٣٠٨، ٣١٢).

فەرموودەناس (أبو العباس ابن الظاهري ٦٢٦ ـ ٦٩٦ک/ ١٢٩٩ ـ ١٢٩٧ز)[٨] فەرموودەکانی (ثمانيات)[٩]ی، لە پەرتووکێک لەژێر ناونیشانی (ثمانيات مؤنسة خاتون بنت الملك العادل) کۆکردووەتەوە، کە لەلایەن مؤنسة خاتون ڕیوایەتکراون، ئەم بەرهەمە لەلایەن فێرخوازان و زانایانی بواری فەرموودە بە بایەخەوە دەخوێندرێ، ئیبن حەجەر یەکێک بووە لەوانەی لە شێخەکانی گوێبیستی ئەم پەرتووکە بووە (ابن حجر، ١٩٩٢، ١/ ٣٤٧، ٢ / ٢٦؛ ابن حجر، ١٩٩٨/ ٢٥٤، ٣٠٨).

جگە لە گێڕانەوەی فەرمووده، مؤنسة خاتون لە شاری (قاهیره) فێرگەیەکی بە ناوی براکەی (الملك الأفضل قطب‌الدين أحمد م: ٦٢٠ک/ ١٢٢٤ز)[١٠] بنیادناوه، کە بە (المدرسة القطبیة) ناسراوه، وانەی شەرعی شافعی و حەنەفی تێدا دەخوێندرا (البرزالي، ٢٠٠٦، ٢/ ٣٥٦؛ المقريزي، ١٩٩٧، ٤/ ٢٠٨) و پێشی دەڵێن (دار اقبال) (ابن كثير، ١٩٩٧، ١٧/ ٦٦٨؛ ابن فهد المكي، ١٩٩٨/ ٧٢).

(مقریزی) لەبارەی تایبەتمەندیی کەسێتیی مؤنسة دەڵێت: ((وكانت عاقلة دينة فصيحة، لها أدب وصدقات كثيرة، وتركت مالا جزيلا)) (المقريزي، ١٩٩٧، ٤/ ٢٠٨)، جێی باسە (الزبیدی) هەم لە ناوەکەی و هەمیش لە ساڵی مردنی کەوتووەتە هەڵەوە (الزبيدي، ١٩٦٩ /٥٢).

٢ـ نسب خاتون کچی الملك الجواد مظفرالدين يونس کوڕی شمس‌الدين مودود کوڕی الملك العال سيف‌الدين ابی بكر محمد کوڕی أيوب (م: ٦٩٧ک/ ١٢٩٧ز).

یەکێکی ترە لە ژنە زانا و ناودارەکانی ئەیوبی، لە سەردەمی مەمالیکی دەریایی (٦٤٨ ـ ٧٨٤ک/ ١٢٥٠ ـ ١٣٨٢ز) لە دیمەشق ژیاوە، گوێبیستی ژمارەیەک فەرموودەناسی دیمەشق بووە، یەکێک لەوان (صارم‌الدين بن سمول م: ٧٩٥ک/ ١٣٩٣ز)ە[١١] (ابن حجر، د. ت: ٤/ ١٤١٤)، دوای پێگەیشتنی وەک شێخی (رباط يلدق ـ بلدق) لە دیمەشق فەرموودەی گێڕاوەتەوە تا مردنی لە ساڵی (٦٩٧ک/ ١٢٩٧ز) بەردەوامبووە، زانا و مێژوونووس (برزالی م: ٧٣٩/ ١٣٣٩ز) یەکێک بووە لەوانەی لە وانەکانی ئامادەبووە و لێیەوە گوێبیستی چەندان فەرموودە بووە (بڕوانە: البرزالي ٢٠٠٦ ،٢/ ٥٤٢)، مێژوونووس (النويري م: ٧٣٣/ ١٣٣٣ز) بە (الخاتون الجليلة الكبرى) ناویهێناوە (النويري، ٢٠٠٢، ٣١/ ٣٥٠).

**دووەم: ژنە زاناکانی سەدەی (٨ک/ ١٤ز):**

١ـ زینب کچی سلێمان کوڕی إبراهيم کوڕی رحمة الاسعردی[١٢] الكردی (م: ٧٠٥ک/ ١٣٠٦ ز)

لە ماڵباتێکی ناوداری شاری (ئەسعەرد)ە، ژمارەیەک زانای ناوداری تێدا هەڵکەوتووە. بەهۆی هێرش و پەلاماری مەغۆلەکان بۆ سەر هەرێمی جەزیرە بۆ قاهیرە کۆچیانکردووە، لە سەردەمی مەمالیک لە بواری زانستیدا ڕۆڵێکی دیاریان بینیوە. زینب ئەسعەردی پێش ساڵی (٦٢٣ک/١٢٢٦ز) لە قاهیرە لەدایکبووە، لەبەرئەوەی ماڵباتەکەی خوێندەوار و زانست دۆست بوونە، لە تەمەنێکی کەم خراوەتە بەر خوێندنی زانستە شەرعییەکان، لەپێناو فێربوون لە کۆڕ و وانەی ژمارەیەکی زۆر شەرعزان و فەرموودەناس دانیشتووە، یەکێک بووە لەوانەی مۆڵەتی وانەگوتنەوەی شەرع و گێڕانەوەی فەرموودەی لە (أبو العباس البخاري ٥٦٤ ـ ٦٢٣ک/ ١١٦٩ ـ ١٢٢٦ز)[١٣] وەرگرتووە (بڕوانە: ابن حجر، ١٩٧٢، ٢/ ٧١؛ كحالة، د. ت، ٢/ ٦٨؛ الصويركي، ٢٠٠٦/ ٣٠٥).

کۆمەڵێ مێژوونووسان گەواهی بۆ دەدەن، کە توانا و لێهاتوویی دەگمەنی هەبووە، فەرموودەی بۆ زۆرێک لە زانا ناسراوەکانی سەردەمی مەمالیک گێڕاوەتەوە و مۆڵەتیپێداون، لەناویاندا (الذهبي م: ٧٤٨ک/١٣٧٤ز) و (تقي‌الدين السبكي م: ٧٥٦ک/ ١٣٥٥ز)، (بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو زانایانەی گوێبیستی زینب ئەسعەردی بوونە، بڕوانە: الفاسي، ١٩٨٨، ٥/ ١٦٤؛ الفاسي، ١٩٩٠، ١/ ٦٠، ٢/ ١٣٢؛ الذهبي، ١٩٨٨/ ٢٤٥؛ الصفدي، ١٩٩٨، ٢/ ٣٨٩، ٣/ ٤٦١؛ الصفدي، ٢٠٠٠، ١٥، ٤٢/

٢٤٢؛ ابن رافع، ١٩٨٠/ ١/ ١٨١؛ ابن ناصرالدين، ١٩٩٣، ١/ ٢٢٣؛ ابن حجر، ١٩٦٩، ١١٩/١؛ ١٩٧٢، ١/ ٦٩؛ ابن حجر، ١٩٩٢، ٢/ ٥٥٦).

دوای خزمەتێکی بێوچان لە مەیدانی پەروەردە و فێرکردندا، ئەسعەردیە لە ساڵی (٧٠٥ک/١٣٠٦ز) لە سەرووی هەشتا ساڵی کۆچی دوایی کردووە (ابن حجر، ١٩٧٢، ٢/ ٧١؛ السيوطي، ١٩٦٧، ١/ ٣٨٧٩؛ ابن عماد الحنبلي، ١٩٨٨، ٨/ ٢٣) شایەنی باسە مێژوونووس (اليافعي م: ٧٦٨ک/ ١٣٦٧ز) ناوی (الاسعردی) بە (الاشعری) نووسیوە (اليافعي، ١٩٩٧، ٤/ ١٨١).

٢ـ نخوة کچی زين الدين محمد کوڕی عبدالقاهر کوڕی هبةالله کوڕی عبدالقاهر النصيبی الحلبی (٦٣٤ ـ ٧١٩ک/ ١٢٣٧ ـ ١٣٢٠ز)

بە أم محمد النصيبي ناسراوە، کەس و کاری لە مەیدانی زانستیدا پێگەیەکی دیار و بەرچاویان لە سەردەمی مەمالیکدا هەبووە، لە ساڵی (٦٣٤ک/ ١٢٣٧ز) لە ڕێگەی مەککە لەدایکبووە، لەسەر ڕێچکەی باوک و براکانی لە تەمەنێکی کەم زانستە شەرعییەکانی لەلای زانایانی (حەلەب) و (حماة) خوێندووە، هەر زوو لە بواری فەرموودە توانا و کارامەیی تێدا دیارکەوتووە، فەرموودەناسی دیمەشق (يوسف کوڕی خليل الأدمی م: ٦٤٨ک/ ١٢٥١ز) پەرتووکی (المستخرج علی صحيح البخاري)ی (أبی نعيم الأصفهانی م: ٤٣٠ک/ ١٠٣٩ز)ی بۆ گێڕاوەتەوە (ابن حجر، ١٩٧٢، ٢٣٩/٤). (ذهبي)، پێیوایە تاکە ژنە فەرموودەی لەسەر زاری (يوسف کوڕی خليل) گێڕابێتەوە (الذهبي، ١٩٨٨، ٣٥٥/٢)، (برزالی) لە بارەیەوە دەڵێت: ((وکانت الشيخة الأصيلة، امرأة صالحة، حاجة)) (البرزالي، ٢٠٠٦، ٤/ ٣٦٢).

٣ـ ست النعم کچی العلامة نجمالدين أحمد الحرانی[١٤] (٦٣٨ ـ ٧٢١ک/ ١٢٤١ز ـ ١٣٢٢ز)

خانەوادەکەی لە دیمەشق ژیاون، لە تەمەنێکی کەم لەگەڵ باوکی بەشداری لە کۆڕی شەرعزانەکانی شارەکە کردووە، مۆڵەتی شارەزابوونی لە شەرع و فەرموودە وەرگرتووە، دوای پێگەیشتنی دەستی بە گوتنەوەی وانەی شەرع و گێڕانەوەی فەرموودە کردووە (ابن حجر،١٩٧٢،٢/ ٧٨)، کۆمەڵێک زانای ناسراوی سەردەمی مەمالیک زانستیان لێوەرگرتووە، فەقیهی دیاری مصر (جمالالدين ابراهيم الأميوطی ٧١٥ ـ ٧٩٠ک/ ١٣١٥ ـ ١٣٨٨ز) یەکێکە لەمان (بگەڕێوە بۆ: الحافظ العراقي، ٢٠١٨/ ٣١١؛ ابن حجر،١٩٧٢،٢/ ٧٨).

٥ـ شهدة کچی أبی الحسن کوڕی عبدالعظيم کوڕی ابي الحسن الحصني[١٥] (٦٤٩ ـ ٧٢١ک/ ١٢٥٢ ـ ١٣٢٢ز)

ژنە زانایەکی تری ناسراوی سەردەمی مەمالیک بووە، لە (حصن کێفا)وە، کۆچیان بۆ قاهیرە کردووە، لەسەر ڕێچکەی باوک و باپیرانی بەردەوامبووە، زانستە شەرعییەکانی خوێندووە، ژمارەیەک زانای ناوداری مصر مۆڵەتی وانەگوتنەوەیان پێداوە (بڕوانە: ابن حجر، ١٩٧٢، ٢/ ١١٥). فەرموودەی زۆری ڕیوایەتکردووە، چەندین زانا و فەرموودەناسی ناودار گوێیانلێگرتووە و فەرموودەی لێدەگێڕنەوە (لەم بارەیەوە بڕوانە: الحافظ العراقي، ٢٠١٨/ ٣١١ ـ ٣١٢).

٦ـ حفصة کچی الحافظ عبید کوڕی محمد کوڕی عباس الاسعردی الکردی (م: ٧٢٤ک/ ١٣٢٤ز)
لە ماڵباتێکی زانست دۆستی شاری (ئەسعەرد)ە، باپیر و باوک و براکانی لە سەردەمی خۆیان زانای پایەدار بوون (لەبارەیانەوە بڕوانە: ابن حجر، ١٩٧٢، ١/ ٢٣١؛ ان حجر، ١٩٩٢، ٢/ ٣٦؛ ابن حجر، ٢٠١٠/ ٣٤)، باوکی حفصة ڕێگای فێربوونی زانست و زانیاری بۆ کچەکەی والاکردووە، بۆ لای ژمارەیەک زانای پایەبەرز ناردوویەتی، بەختی ئەوەی هەبووە وانەی شەرع و فەرموودە لەلای (نجیبالدین الهمذانی م: ٦٨٧ک/ ١٢٨٠ز)[١٦] بخوێنێت، دوای پێگەیشتنی فەرموودەی گێڕاوەتەوە، موسەنەدەی ناسراو (ست القضاء مریم النابلسیة ٦٩١ ـ ٧٥٨ک/ ١٢٩٢ ـ ١٣٥٧ز)[١٧] یەکێکە لەوانەی ئامادەی وانەکانی بووە (ابن حجر، ١٩٧٢، ٢/ ٤٢؛ ابن حجر، ٢٠١٠/ ١٠١)، شایەنی باسە ئیبن حەجەر تاکە دیرۆکنووسە ژیاننامەی ئەم ژنەی تۆمارکردووە.

٧ـ ست العبید کچی عمر کوڕی أبی بکر الدنیسری[١٨] (م: ٧٣٤ک/١٣٣٤ز)
لە دیمەشق ژیاوە، لە تەمەنی پێنجساڵیدا خراوەتەبەر خوێندنی زانستە شەرعییەکان، لەسەر دەستی ژمارەیەک شێخی پایەبەرز فێری شەرع و فەرموودە بووە (لەبارەی شێخەکانی بڕوانە: ابن حجر،١٩٧٢، ٢/ ٧٦؛ ابن حجر، ٢٠١٠/ ١١٠)، مۆڵەتی وانەگوتنەوەی لە کۆمەڵێک زانا وەرگرتووە، تا مردنی لە ساڵی (٧٣٤ک/ ١٣٣٤ز) دەرسی داوەتەوە، (ست القضاء مریم النابلسیة) یەکێکە لەوانەی ئامادەی کۆڕەکانی بووە و مۆڵەتی لێوەرگرتووە (ابن الجزري، ١٩٩٨، ٣/ ٧٠١؛ الحافظ العراقي، ٢٠١٨/ ٣٠٨؛ ابن حجر، ١٩٧٢، ٢/ ٧٦؛ ابن حجر، ٢٠١٠/ ١١٠).

٨ـ عائشة کچی محمد کوڕی مسلم الحرانیة (٦٤٧ ـ ٧٣٦ک/ ١٢٥٠ ـ ١٣٣٦ز)
لەبەرئەوەی باوکی یەکێک بووە لە زاناکانی سەردەمی خۆی، لە تەمەنێکی کەم کچەکەی ناردووەتە فێرگەکان و زانستە شەرعییەکانی خوێندووە، مۆڵەتی شارەزاییی لە زانستی فیقھ و فەرموودە وەرگرتووە، سەرەڕای سەرقاڵی بە خوێندن و فێربوون، بۆ پەیاکردنی بژێوی ژیانی جل و بەرگی بۆ خەڵک دووریوە، لەبارەی خاسیەتی کەسێتی و توانای لە فەرموودە گێڕانەوەوەدا ئیبن حەجەر دەڵێت: ((کانت خیرة قانعة وحدثت بالکثیر وتفردت بأجزاء)) (ابن حجر، ١٩٧٢، ٢/ ١٤٥).

٩ـ عائشة کچی محمد کوڕی یحیی کوڕی بدر کوڕی یعیش الجزری الصالحی (م: ٧٤٣ک/ ١٣٤٣ز)
لە ماڵباتێکی خوێندەواری هەرێمی جەزیرەی فوراتییەوە هەڵکەوتووە، باوکی بۆ خوێندن کۆچی بۆ دیمەشق کردووە، لە تەمەنی منداڵی کچەکەشی خستووەتەبەر خوێندن، عائشة دەرسی زانستی شەرع و فەرموودەی لەلایەن کۆمەڵێک شێخی ناودار خوێندووە، لەوانە: فەرموودەناس (فخرالدین علي ابن البخاری ٥٩٥ ـ ٦٩٠ک/١١٩٩ ـ ١٢٩١ز)، ئەم ژنە گەیشتووەتە پلەیەک زانستی شەرع و فەرموودەی فێری فێرخوازان کردووە (ابن حجر، ١٩٧٢، ٢/ ١٤٥؛ مدرس، ١٩٨٤/ ٢٦٣)، مێژوونووس (ابن رافع م: ٧٧٤ک/ ١٣٧٣ز) بە (الشیخة الصالحة) ناویدەبات و دووپاتیدەکاتەوە، کە کۆمەڵێکی زۆر فەرموودەناس ڕیوایەتی لێدەگێڕنەوە (بڕوانە: ابن رافع، ١٩٨٠، ١/ ٤٢٣).

١٠- فاطمة كچی ابراهیم كچی داود كچی نصر الهكاری[١٩] الكردی (٦٨٣ - ٧٥٨ك/١٢٨٥ - ١٣٥٦ز) وەک دیارە لە بنەچەدا بۆ بیلادی هەكاری دەگەڕێتەوە، بەڵام لە دیمەشق ژیاوە، زانستە شەرعییەكانی لەلای زانا ناودارەكانی شارەكە خوێندووە، زیاتر لە بواری فەرموودە باڵادەستبووە، فەرموودەی گێڕاوەتەوە (ابن حجر، ١٩٧٢،٣/ ١٣١؛ زكی بک، ٢٠٠٦، ٤٨١/٢؛ یوسف، ١٩٩٢/ ٧٩)، لە ساڵی (٧٥٨ک/ ١٣٥٦ز) كۆچی دوایی كردووە، لە مزگەوتی ئومەوی نوێژی بە كۆمەڵی لەسەر كراوە و بە ئامادەبوونی خەڵكێكی زۆر لە گۆڕستانی (باب الصغیر) نێژراوە (ابن رافع، ١٩٨٠، ٢/ ٢٠٤)، زانای ناودار (الحافظ زین الدین العراقي م: ٨٠٦ک/ ١٤٠٤ز) یەكێک بووە لەوانەی ئامادەی وانەكانی بووە، مۆڵەتی لێوەرگرتووە (الحافظ العراقي، ٢٠١٩/ ٢٠٩؛ ابن حجر، ١٩٧٢،٣/ ١٣١؛ بەحركەیی، ٢٠١٠، ٣/ ٤).

١١- ئەسما كچی أحمد كوڕی حسین كوڕی موسک كوڕی چەكۆ - جكۆ الهكاری الكردی (م: دوای ٧٧٠ک/١٣٦٨ز)

بۆ ماڵباتێكی ناوداری كوردی ناوچەی هەكاری دەگەڕێتەوە، دەدرێنەوە پاڵ باپیریان ئەمیر (موسک كوڕی چەكۆی هەكاریی كوردی (م: ٥٨٥ک/١١٩٠ز) كە دەكاتە خاڵی سوڵتان صلاح‌الدینی ئەیوبی، لە سەردەمی ئەیوبییەكان لە هەكارییەوە بۆ دیمەشق كۆچیانكردووە، لە سەردەمی مەمالیک ژمارەیەک زانا لەو ماڵباتە هەڵكەوتوون، لە گۆڕەپانی هزری و زانستی پێگەی دیاریان هەبووە (بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: ابن حجر، ١٩٧٢،١/ ١١١ - ١١٢؛ ابن شاهین الظاهري، ٢٠٠٢، ١/ ١٨٨)، ئەسمای هەكاری لە ساڵی (٧١٥ک/ ١٣١٦ز) لەدایكبووە، لە تەمەنێكی كەم خراوەتەوەبەر خوێندنی زانستە شەرعییەكان، لە كۆڕ و دانیشتنی ژمارەیەكی بەرچاوی شەرعزانەكانی قاهیرە بەشداریكردووە، لەوانە موفتی و فەقیهی ناسراو (تاج‌الدین ابن المغیزل أحمد الحموي م: ٧٣٣ک/ ١٣٣٣ز)، شارەزاییی باشی لە بواری فەرموودە بەدەستهێناوە، لە قاهیرە فەرموودەی گێڕاوەتەوە، فێرخوازی زۆری پێگەیاندووە، شەرعزان و ئوصولی (أبو حامد بن الظهیرة ٧٥١ - ٨١٧ک/ ١٣٥١ - ١٤١٥ز)[٢٠] یەكێک بووە لەوانەی دوای ساڵی (٧٧٠ک/ ١٣٦٨ز) سەردانی ئەسمای هەكاری كردووە و لێیەوە گوێبیستی فەرموودە بووە (ابن حجر، ١٩٧٢، ١/ ٢١٠)، ئەمە لە كاتێكدایە توێژەرێک بێئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەكەی بكات پێیوایە ساڵی (٧٧٠ک/ ١٣٦٨ز) مردووە (الهسنیاني، ٢٠١٢/ ١١٦)، جێگەی باسە ژیاننامەكەی تەنیا لەلایەن ئیبن حەجەرەوە تۆماركراوە، بۆیە بۆ لێكۆڵەران بووەتە سەرچاوە (بڕوانە: السلفي والدوسكي، ٢٠٠٨، ١/ ٤١٢؛ جمال‌الدین، ٢٠٠٣/ ٣٤).

١٢- جویریة كچی أحمد كوڕی حسین كوڕی موسک كوڕی چەكۆ الهكاری (م: ٧٨٣ک/ ١٣٨١ز):

لە دیارترین زاناكانی كوردە لە سەردەمی مەمالیک و ناوێكی درەوشاوەیە لە مێژوو و شارستانیەتی ئیسلامی، خوشكی ئەسمای هەكارییە، ئیبن حەجەر و هەندێكی تر لە مێژوونووسان بە (جویریة) ناویانهێناوە (ابن العراقي، ١٩٨٩، ٢/ ٥١٢؛ ابن حجر، ١٩٧٢، ١/ ٣٢٤؛ ابن العماد الحنبلي، ١٩٨٦، ٨/ ٤٨٢)، بەڵام لای هەندێكی تریان بە (جویرة) هاتووە (المقریزي، ١٩٩٧، ٥/

١٣٣؛ ابن تغري بردي، د. ت، ١١/ ٢٢١؛ ابن اياس، ١٩٩٢، ج ١، ق٢/ ٣٠١)، جێگەی باسە لە سەرچاوەکان زیاتر بە ناوی یەکەم هاتووە، هەروەها جگە لە نازناوی (أم ابيها) (ابن حجر، ١٩٦٩، ١/ ٢٤٥؛ ابن حجر، ١٩٧٩، ٣٢٤/١) بە ژمارەیەک نازناوی تر بانگکراوە؛ وەک (أم الهناء) و (ام البر) (الفاسي،١٩٩٠، ٢/ ٣٦١؛ ابن عماد الحنبلي ،١٩٨، ٨/ ٤٨٢)، ئەمە و ئیبن حەجەر بە (الهكارية)یەش ناویدەبات (ابن حجر، ١٩٧٩، ٣٢٤/١).

ئیبن حەجەر بە وردی ژیاننامەکەی تۆمارکردووە و پێگە و مەقامە زانستییەکەی خستووەتەڕوو، چونکە فەرموودەناس و موسەنەدێکی بەتوانا و لێهاتوو بووە، لەم بارەیەوە پەرتووکی (الدرر الكامنة) یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ژیاننامەی جویرية، مێژوونووسان و لێکۆڵەران گەڕاونەتەوە سەری (بڕوانە: كحالة، د. ت/ ٢٢٨؛ مدرس، ١٩٨٣/ ١٤٠).

هەکارییە کچی ماڵباتێکی خوێندەوار و زانست دۆست بووە، باوکی (شێخ شهابالدين أبو الحسين أحمد هەکاری (م: ٧٥٠ک/ ١٣٥٠ز) یەکێک لە دیارترین زاناکانی فەرموودە و قرائات لە سەردەمی مەمالیکی دەریایی بووە (٦٤٨ ـ ٧٨٤ک/ ١٢٥٠ ـ ١٣٨٢ ز) (لەم بارەیەوە بڕوانە: ابن حجر، ١٩٧٢، ١/ ٦٢؛ ابن تغري بردي، د. ت، ٢٤٨/١٠)، هەروەها براکەشی (أبو الحسين أحمد کوڕی أحمد الهكاری م: ٧٦٣ک/١٣٦٢ز) زانایەکی دیاری فەرموودە بووە (بڕوانە: ابن حجر، ١٩٧٢، ١/ ٦١) بوونی ئەم کەشە زانستییە لە ماڵەکەی هۆکارێک بوو بۆ پێگەیشتنی وەک دیارترین فەرموودەناسی ژن لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامیی ئەوکات.

هەکارییە لە ڕەمەزانی ساڵی (٧٠٤ک/ ١٣٠٤ز) لە قاهیرە لەدایکبووە، لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لای باوکی دەستی بە خوێندنی زانستە شەرعییەکان کردووە (ابن حجر، ١٩٧٢، ١/ ٣٢٤)، هەر زوو لە زانستی فەرموودەدا کارامەیی و زیرەکی لێبەدیکراوە، لە گێڕانەوەی ئیبن حەجەردا بەدیاردەکەوێت، کە ئەم ژنە حەز و خولیایەکی زۆری بۆ فێربوون هەبووە، لەم پێناوەدا هەوڵ و کۆششی زۆری خەرجکردووە، لە کۆڕ و دانیشتنی ژمارەیەکی ئێکجار زۆری فەرموودەناس و شەرعزانەکانی مصر بەشداربووە، لەوانە فەرموودەناسی ناسراوی کورد (الحافظ المحدث حسن کوڕی عمر الكردي م: ٦٢٩ ـ ٧٢٠ک ١٢٣٢ ـ ١٣٢١ ز)[٢١] و فەرموودەناسی ناوداری سەردەم (ست الوزراء التنوخية م:٦٢٤ ـ ٧١٧ ک/ ١٢٢٧ ـ ١٣١٨ز)[٢٢]، لە ماوەی خوێندن و خۆپێگەیاندن جویرة زۆربەی هەرە زۆری پەرتووکە سەرەکییەکانی زانستی فەرموودەی خوێندووە، لەناویاندا (السنن الكبرى لسنائي)، (صحيح مسلم)، (صحيح البخاري)، (مسند الدارمي أو سنن الدارمي)، (مسند الحميدي)، (الأربعين في إرشاد السائرين إلى منازل المتقين أو الأربعين الطائية) و چەندانی تر (بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی شێخەکان و ئەو پەرتووکانەی لای ئەوانی خوێندوون بڕوانە: زين الدين حافظ العراقي، ٢٠١٨/ ٤٦، ١١٦، ١١٩؛ ابن العراقي، ١٩٨٩، ٢/ ٣٢، ٥١٢؛ ابن حجر، ١٩٧٢، ١/ ٣٢٤؛ فتاح و عبوش، ٢٠١٩/ ٥١ ـ ٥٢)، ئەم کۆششە زۆرە یارمەتیداوە تا بچێتە ناو ڕەگ و ڕیشەی ئەم زانستە، دوای پێگەیشتنی وەک فەرموودەناسێکی لێهاتوو، جویرية دەستیکردووە بە فێرکردنی فێرخوازان و فەرموودەی بۆ گێڕاونەتەوە، زۆرێک لە زانایان و ناودارانی سەردەم ئامادەی وانەکانی بوونە، لەم بارەیەوە ئیبن حەجەر دەڵێت: ((وسمع منها بعض مشايخنا وكثير من أقراننا)) (ابن حجر، ١٩٦٩، ١/ ٢٤٥؛ ابن حجر، ١٩٧٢، ١/ ٣٢٤)، هەر پەیوەست بەم بابەتە زانا

و فەرموودەناسی کورد (ولي‌الدين أبو زرعة العراقی م: ٨٢٦ك/ ١٤٢٣ز) وەک یەکێک لە قوتابییەکانی ئاماژە بەوە دەکات، کە ژمارەیەکی زۆر لە فەرموودەناسان لە جويرية گوێبیستی فەرموودە بوونە و لەسەر زاری ئەو فەرموودە دەگێڕنەوە (ابن العراقي، ١٩٨٩، ٢/ ٥١٤)، زۆرن لەو زانا گەورانەی ڕۆژانێک لە کۆڕ و وانەکانی جويرة دانیشتوون و زانستی لێوە فێربوونە و مۆڵەتیان لێوەرگرتووە ((أكثر الطلبة عنها)) (ابن حجر، ١٩٦٩، ١/ ٢٤٥؛ ابن العماد الحنبلي، ١٩٨٦ ،٨/ ٤٨٢)، لە دیارترینیان حافظ و فەرموودەناس (زين الدين عبد الرحيم الحافظ العراقي م: ك٨٠٦ك/ ١٤٠٤ز) و کوڕەکەی دادوەر و فەرموودەناس (ولي‌الدين أبو زرعة م: ٨٢٦ك/ ١٤٢٣ز) و زانا و مێژوونووس (سبط ابن العجمی ٧٥٣ ـ ٨٤١ك/ ١٣٥٢ ـ١٤٣٧ز) و چەندانی تریش (لەبارەی ئەو زانا و ناودارانەی جويرية فەرموودەی بۆ گێڕاونەتەوە بڕوانە: الفاسي، ١٩٩٠، ١/ ٣٣٣؛ ابن حجر، ١٩٧٢، ٤/ ١٦٠؛ ابن حجر، ١٩٩٢، ٣/ ٣٩؛ نجم‌الدين ابن فهد المكي، ١٩٨٢/ ٢٠٥، ٢٠٨، ٢٢٥، ٢٤٦ ،٢٦٥؛ محمد، ٢٠٢١، ص ١٨٤٦ ـ ١٨٤٨)، پێگەیاندنی ئەم زانایانە ئاماژەیە بۆ پێشەنگبوونی جويرية لە بواری فەرموودەدا، کە لەلایەن مێژوونووسان بە (المسندة) و (المحدثة) ناوی‌هاتووە (المقريزي، ١٩٩٧، ٥/ ١٣٣؛ ابن تغري بردي، د. ت، ١١/ ٢٢١؛ ابن اياس،١٩٩٢، ج١، ق٢/ ٣٠١؛ ابن شاهين الظاهري، ٢٠٠٢، ٢/ ١٧٦).

جويرية ڕۆڵێکی دیاری لە خزمەتکردنی زانستی فەرموودە لە سەردەمی مەمالیک بینیوە، گەواهی دیرۆکناسان ئەمە پشتڕاستدەکاتەوە، لەم بارەیەوە ئیبن حەجەر دەڵێت: ((وحدثت بمسموعاتها مرارا وعمرت فأكثروا عنها)) (ابن حجر، ١٩٧٢، ٢/ ٣٤) هەروەک (مقريزی)یش گوتوویەتی: ((وحدثت بالكثير وسمع منها الفضلاء) (المقريزي، ٢٠٠٢، ١/ ٥٨١).

هەکارییە پێگەیەکی بەرزی زانستی و کۆمەڵایەتیی هەبووە، چونکە لەلایەکەوە کچی یەکێک لە زاناکانی سەردەم بووە (محمد، ٢٠١٣/ ٥)، هەروەها خۆشی توانایەکی دەگمەنی لە بواری زانستی فەرموودە هەبووە ((وقد انفردت برواية النسائي وغيرها)) (ابن حجر، ١٩٧٢، ٢/ ٣٢٤؛ ابن تغري بردي، د. ت، ١١/ ٢٢١)، بەرزیی ئاست و پێگەی ئەم ژنە وایکردووە، ئیبن حەجەر باوکی جويرية، کە زانایەکی ناوداری مصر و شام بووە بە کچەی بناسێنت و بڵێت: ((ئەمە باوکی جوەیرەیە)یە، پاش تۆمارکردنی سەروەرییەکانی لە (١٠)ی صفری ساڵی (٧٨٣ك/ ١٣٨١) کۆچی دوایی کردووە (ابن حجر، ١٩٧٢، ١/ ١١٢)، جگە لە پایەداریی لە ڕووی زانستەوە، لە گوتەی مێژوونووسان بەدەردەکەوێت، کە جويرية ژنێکی چاک و دینداریش بووە: ((وكانت جيدة صالحة)) (ابن العراقي، ١٩٨٩، ٢/ ٥١٤) و ((وكانت خيرة دينة)) (ابن حجر، ١٩٦٩، ١/ ٢٤٥).

١٤ ـ دنيا کچی الموفق يوسف کوڕی سليمان الهكاری الكردی المصری (م:٧٢٧ك/ ١٣٢٧ز)

یەکێکی ترە لە زاناکانی فەرموودە و شەرع، لە قاهیرە ژیاوە، لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە پێوەندی بە وانەی زانایان کردووە، ژمارەیەک پەرتووکی خوێندووە، یەکێک لەوانەی ئیبن حەجر ناویهێناوە پەرتووکی (الموافقات العوالي)ی (ضياءالدين أبو عبدالله محمد المقدسي م: ٦٤٣/ ١٢٤٦ز)یە، لە بواری فەرموودەدا، دنيا ئەم پەرتووکەی لەلای (نجيب الدين الهمذانی)ی، خوێندووە و مۆڵەتی لێوەرگرتووە، دوای پێگەیشتنی فەرموودەی گێڕاوەتەوە و کۆمەڵێک زانا فەرموودەی لێدەگێڕنەوە (بڕوانە: ابن حجر، ٢٠١٠/ ١٠٥؛ ١٩٧٢، ٢/ ٥٩؛ معتوق، ١٩٩٧ / ١١٦)، جێی باسە هاوسەرەکەشی

(كمال‌الدين أبي بكر محمد کوڕی أسعد القاياتي م:٧٣٠م/ ١٣٣٠ز) فەرموودەناسێکی ناسراو بووە، دنیا لە ساڵی (٧٢٧ک/ ١٣٢٧ز) کۆچی دوایی کردووە و نوێژی بە کۆمەڵی لەسەر کراوە و لە گۆڕستانی (القرافة)ی قاهیرە نێژراوە (ابن الجزري، ١٩٩٨، ٢ / ١٥٢).

١٥ ـ ست النعم کچی يوسف کوڕی محمد کوڕی هبةالله النصيبي[٢٣]
 ماڵباتەکەی بە (ابن النصيبي) ناسراوە، دەستەیەک زانای پایەداری سەردەمی مەمالیک لەو ماڵباتەن، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بواری هزری و زانستی گێڕاوە، لە ئەنجامی هێرش و پەلاماری مەغۆڵەکان بۆ سەر هەرێمی جەزیرە، لە نەصیبینەوە بۆ (حەلەب) کۆچیانکردووە (بڕوانە: ابن حجر، ١٩٧٢، ١/ ٢٩٣، ٥٤٥، ٣/ ١٣٧، ٤/ ٢٤٦).
 ست النعم لە کەشێکی زانستی پەروەردەکراوە، لە تەمەنێکی کەم پەرتووکە شەرعییەکانی خوێندووە، مۆڵەتی وانەگوتنەوەی فيقهـ و فەرموودەی لە ژمارەیەک زانای سەردەم وەرگرتووە (ابن حجر، ١٩٧٢، ٢/ ٧٨)، یەکێک بووە لە فێرخوازەکانی (مجد الدين الهذباني م: ٦٨٧ک/ ١٢٨٩ز)، گوێبیستی فەرموودەی (جزء ابن مقسم) بووە لێی (ابن خطيب الناصرية، ٢٠١٨، ج٣، ص١١٤٠)، ساڵی مردنی ست النعم دیار نییە، چونکە مێژوونووسان ئاماژەیان پێنەکردووە، دەتوانین بڵێین لە سەدەی (٨ک/ ١٤ز) مردووە، چونکە بەگوێرەی زانیارییەکانی ئیبن حەجەر لە ساڵی (٦٨١ک/ ١٢٨٢ز) لە دەرسی چەند زانایەک ئامادە بووە.

## سێیەم: ژنە زاناکانی سەدەی (٩ک/ ١٥ز)

١ـ شمس الملوک کچی ناصرالدين محمد کوڕی إبراهيم کوڕی أبي بكر کوڕی يعقوب کوڕی الملك العادل السيف أبي بكر کوڕی أيوب کوڕی شادی کوڕی مروان الأيوبية (م: ٨٠٣ک/ ١٤٠١ز)
 ژنێکی تری ناوداری بنەماڵەی ئەیوبییە، لە سەردەمی مەمالیکی (چەرکەسی ـ بورجی ٧٨٤ ـ ٩٢٣ ک/ ١٣٨٢ ـ ١٥١٧ز) ژیاوە، لە دوای ساڵی (٧٣٠ک/ ١٣٣٠ز) لە دیمەشق هاتووەتە دنیا، لەسەر ڕێچکەی پێشینانی لە تەمەنی پێنج ساڵی زانستە شەرعییەکانی خوێندووە، مەیلی زیاتری بەلای فەرموودەدا چووە، گوێبیستی ژمارەیەکی زۆر لە فەرموودەناسی ناودار بووە، لەوانە (عاعشة کچی محمد کوڕی مسلم الحرانية ٦٤٧ ـ ٧٣٦ک/ ١٢٥٠ ـ ١٣٣٦ز) و (أبو الفضل عبدالرحيم کوڕی أبي اليسر م: ٧٤٩ک/ ١٣٤٩ز)[٢٤] (بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی شێخەکانی بڕوانە: ابن حجر، ١٩٩٢، ٢/ ٥ ـ ٧؛ ابن حجر، ١٩٦٩، ٢/ ١٦٤). دوای ئەوەی وەک ڕاویە خۆیپێگەیاند، دەستی بە گێڕانەوەی فەرموودە لە دیمەشق کردووە، چەندین فەرموودەناسی ناسراوی سەردەمی مەمالیک لە شمس الملوکەوە مۆڵەتیان وەرگرتووە و ڕیوایەتی لێدەگێڕنەوە، یەکێک لەمان (ئیبن حەجەر)ە. (بۆزانیاری زیاتر دەربارەی ئەوانەی لێیەوە فێربوونە بڕوانە: ابن حجر، ١٩٦٩، ٢/ ١٦٤؛ ابن حجر، ١٩٩٢، ٢/ ٥ ـ ٧).
 شمس الملوک لە شعبانی ساڵی (٨٠٣ک/ ١٤٠١ز) کۆچی دوایی کردووە و بە ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر لە دیمەشق نێژراوە (الفاسي، ١٩٩٠، ٢/ ٣٧٧؛ المقريزي، ٢٠٠٢، ٢/ ١٢٤؛ ابن

حجر،١٩٦٩، ٢/ ١٦٤؛ السخاوي، ٢٠٠٣، ١٢/ ٦٩؛ ابن العماد الحنبلي، ١٩٨٦، ٩/ ٤٨).

٢. قطلوملک کچی ناصرالدين محمد کوڕی إبراهيم کوڕی أبی بکر کوڕی يعقوب کوڕی الملک العادل السيف أبی بکر کوڕی أيوب کوڕی شادی کوڕی مروان الأيوبية الدمشقية (٧٤٤ ـ ٨١٥ ک/ م: ٨١٥ک/١٤١٢ز)

لە ساڵی (٧٤٤ک/ ١٣٤٤ز) لە دیمەشق لەدایکبووە، لە تەمەنێکی کەم خراوەتەبەر خوێندن، زانستە شەرعییەکانی لەلای کۆمەڵێک زانای ناوداری دیمەشق خوێندووە، ژمارەیەک پەرتووکی فەرموودەی لەبەرکردووە، لەسەر دەستی کۆمەڵێک فەرموودەناس پێگەیشتووە، لەوانە: (أبو الفضل عبدالرحيم کوڕی أبي اليسر) و (نفيسة ابن الخباز ٦٦٣ ـ ٧٤٩ک/ ١٢٦٥ ـ ١٣٤٩ز)[٢٥]، دوای پێگەیشتنی وەک یەکێک لە ڕاوییەکانی فەرموودە، ناوبانگی لە مصر و شام بڵاوبوویەوە، زانایان و ناوداران لە هەموو لایەکەوە ڕوویانتێکردووە، تا لێیەوە گوێبیستی فەرموودە بن، ئیبن حەجەر یەکێکە لەوانەی لە دیمەشق ئامادەی وانەکانی بووە و مۆڵەتی لێوەرگرتووە، بۆیە شانبەشانی شێخەکانی تر ژیاننامەکەی تۆمارکردووە (ابن حجر، ١٩٩٤، ٢/ ٤٣٧)، هەر بۆیەش پەرتووکی (المجمع المؤسس للمعجم المفهرس) بۆ دیرۆکنووسان و ڤەکۆلەران سەرچاوەیەکی سەرەکییە (بڕوانە: السخاوي،٢٠٠٣، ١٢/ ١٠٩؛ زكي بك، ٢٠٠٦، ٢/ ٤٨٣).

٣. جويرية کچی عبداللطيف کچی عبدالغنى الحرانی

ژنە زانایەکی تری بواری فەرموودەیە، ژیاننامەکەی تەنیا لەلایەن ئیبن حەجەر تۆمارکراوە، بە (ام خلف) ناسراوە، لە دیمەشق فەرموودەی گێڕاوەتەوە، ساڵی لەدایکبوون و مردنی دیار نییە (ابن حجر، ١٩٧٢، ١/ ٣٢٤).

٤. عئشة بنت عثمان بن علاق المدلجی المقرئ (الدرر الكامنة، ج٢، ص١٤٥)

## ئەنجام

زانیارییەکانی ناو ئەم توێژینەوەیە ئەم ئەنجامانەمان دەخەنەبەردەست:

**١.** ئیبن حەجەر زانا و مێژوونووسی دیاری سەردەمی مەمالیک، کۆمەڵێکی زۆر پەرتووکی بەرهەمهێناوە، لەناویاندا ژمارەیەکیان لە بواری مێژوو و ژیاننامەی ناودارانن، سەرچاوەی سەرەکین بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوو و شارستانیەتی سەردەمی مەمالیک.

**٢.** بەگوێرەی پەرتووکە مێژووییەکانی عەسقەلانی لە سەردەمی مەمالیک ژمارەیەکی بەرچاو هۆز و ماڵبات و کەسایەتیی کوردی لە مصر و شام و حیجاز بوونیان هەبووە و لە بوارە جیاجیاکان ڕۆڵیان بینیووە.

**٣.** پەرتووکە مێژووییەکانی عەسقەلانی جگە لە ڕەگەزی نێر، ژمارەیەکی بەرچاوی ژنی کوردیان لەخۆگرتووە، ڕۆڵی دیاریان لە سەردەمی مەمالیک لە بواری زانستی بینیووە.

٤. زۆرینەی ئەو ژنانەی ئیبن حەجەر باسیکردوون، زانا و شارەزای بواری فەرموودەن، بۆ ئەمەش تەنیا دوو هۆکار دەخەینەڕوو:

أ. ئیبن حەجەر وەک فەرموودەناسێک بە مەبەست گرنگیی زیاتری بە گێڕانەوەی ژیانی زانایانی بواری فەرموودەناسی داوە، ئەگەرنا ژمارەی ژنە ناودارەکانی کورد لەوە زیاترە، کە ئەو باسیکردوون.

ب . ڕێژەی زیاتری ژنان لە سەردەمی مەمالیک ڕوویانکردووەتە خوێندن و شارەزابوون لە بواری فەرموودە، ئەمەش بەهۆی ئاسانی و بەربڵاویی زانستەکە بە بەراورد بە زانستەکانی تری شەرعی و نا شەرعی.

٥. لە ماوەی دیاریکراو بۆ توێژینەوەکە، کۆمەڵێکی بەرچاو لە ژنی کورد لە مصر و شام هەڵکەوتوون، کە لە مەیدانی زانستی فەرمووده خۆیان پێگەیاندووە و بوونەتە پێشەنگ.

٦. بەشی زۆری ئەو ژنە کوردانە لە خانەوادە و ماڵباتی زانست دۆست هەڵکەوتوون، کەشی زانستیی نێو خێزانیان یارمەتیدەر بووە تا خۆیان دروستبکەن.

٧. توانا و لێهاتوویی زانستیی ژنانی کورد لە ئاستێک بووە، سەدان زانا و فەرموودەناسی ناسراو لە مێژووی ئیسلامی لەسەر دەستی ئەمان فێری زانست بوون و مۆڵەتیانوەرگرتووە.

٨. زۆرینەی ئەو ژنانەی ئیبن حەجەر ژیاننامەی تۆمارکردوون دەکەونە سەدەی (٨ک/ ١٤ز).

٩. پەرتووکە مێژووییەکانی ئیبن حەجەر سەرچاوەی سەرەکیین بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵ و پێگەی ژنانی کورد لە سەردەمی مەمالیک بە تایبەتی لە سەدەی (٨ک/ ١٤ز).

## پەراوێزەکان

**(١)** عسقلان: شارێکە لە شام سەر بە فەڵەستینە، کەوتووەتە سەر کەناری دەریا، لە نێوان (غەزە) و (بیت جبرین) هەڵکەوتووە، پێیدەڵێن بووکی شام. (یاقوت الحموي، ١٩٩٤،٤/ ١٢٢).

**(٢)** لەو ساڵەدا شاری (عسقلان) خاپورکرا، چونکە خاچدروشمەکان لە هەوڵدابوون ئەو شارە داگیربکەن و بیکەنە بنکەی سەربازی تا لەوێوە شاڵاوەکانیان بۆ سەر (بیت المقدس) و شارەکانی تری شام و مصر چڕتر بکەنەوە. بڕوانە: (الأصفهاني،٢٠٠٤/ ٢٨٨-٢٩٠؛ أبو شامة، ١٩٩٧، ٤/ ٢٧٧ - ٢٨٠؛ ابن شداد، ١٩٩٤/ ٢٧٩ - ٢٨٣).

**(٣)** أحمديل: یەکێکە لە میرەکانی بنەماڵەی ڕەوادی، نەوەی میری ناودار وەهسوزانی ڕەوادییە، دامەزرێنەری میرنشینی (ئەحمەدیلی - الأحمديلية ٥٠١ - ٦٢٤ک/ ١١٠٧ - ١٢٢٧ز)یە، کە لە سەرەتای سەدەی (٦ک/ ١٢ز) دەرکەوتووە و بە درێژکراوەی میرنشینی ڕەوادی دادەنرێت، ئەم میرە یەکێک بووە لە لایەنگرەکانی سوڵتان محمدی کوڕی مەلیکشای سەلجوقی (٤٩٨ - ٥١١ک/ ١١٠٤ - ١١١٦ز)، لە چالاکییە سەربازییەکانی بەشداری کردووە، بەتایبەت لە هێرشەکانی بۆ سەر وڵاتی شام و شەڕەکانی لەگەڵ خاچدروشمەکان، سوپای بۆ ناردووە و لەتەکیدا وەستاوە، وەک ڕێزلێنانێک لەو کۆششە گەورانەی، مەراغە و چەند شارێکی تری ئازەربێجانی پێبەخشیووە، کە دواتر بووە هۆی سەرهەڵدانی میرنشینی ئەحمەدیلی، میرێکی ئازا و بە جەرگ بووە، لە ساڵی (٥١٠ک/ ١١١٧ز) لە لایەن پیاوێکی باتینی کوژراوە (ابن القلانسي، ١٩٨٣، ١/ ٢٧٩ - ٢٨١، ٣١٥؛

سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣، ٢٠/ ٤٤ ـ ٤٥، ٧٩ ـ ٨٠؛ ابن العديم، ٢٠١٠، ٨/ ٣٦٦٥؛ الذهبي، د.س، ٣٥/ ٢٥).

**(٤)** زكيالدين الخروبي: ٧٨٧ک/ ١٣٨٦ز: أبو بكر كوڕی علی كوڕی أحمد الخروبي، بازرگانێكی ناوداری قاهیرە بووە، سەروەت و سامانی بێشوماری هەبووە، لە پرۆژەی خێرخوازی خەرجیكردووە (ابن حجر، ١٩٦٩، ١ / ٣٠٦؛ ابن حجر، ١٩٧٢، ٥٣٨/١).

**(٥)** علم الرجال ـ معرفة رجال الحديث: یان (الجرح والتعديل) زانستێكە لە پێگە و ژیانی گێڕەوەكانی (الرواة)ی فەرموودە لە ڕووی ناو و نازناو و ڕەچەڵەک و بارودۆخی ژیانیان و ڕەوشت و ڕەفتاریان و ئاستی زانستی و مامۆستا و قوتابییەكانیان و ساڵی مردنیان دەكۆڵێتەوە، بە مەبەستی جیاكردنەوەی ئەوانەی باوەڕپێكراون لەوانەی باوەڕپێنەكراون، هەروەها دەرخستنی جۆر و ڕاستی و ناڕاستیی ئەو فەرموودانەی كە گێڕاویانەتەوە (الزهراني، د.س/ ١١٢؛ العمري، د.س/ ٥٨).

**(٦)** وەک: قوتابخانەكانی (الشيخونية، الجمالية، المنصورية) لەم بارەیەوە بڕوانە: (المقريزي، ٢٠٠٢، ٦/ ٢١١؛ السيوطي، د.س/٤٦؛ ابن طولون، ١٩٨٠، ٢/ ٤٥٥؛ ابن اياس، ١٩٩٢، ٢/ ٤٦).

**(٧)** لە نموونەی: ئیلخانییەكان، جەلائیرییەكان، موزەفەرییەكان، قەرەقویونلو، ئاق قویونلو، عوسمانییەكان، بێزەنتییەكان، خاچدروشمەكان، ئەرتوقییەكان، موزەفەرییەكان، زیلقەدەرییەكان ... هتد.

**(٨)** أبو العباس أحمد بن محمد كوڕی عبدالله الظاهري: فەرموودەناس و حافظ و ثقةی سەردەم بووە، لە بنەڕەتدا بۆ شاری حەلەب دەگەڕێتەوە، بۆ خوراسان، هەرێمی جەزیرە، حماة و دیمەشق گەشتیكردووە، لە كۆتاییدا لە قاهیرە نیشتەجێبووە، خاوەنی چەند بەرهەمێكە لەوانە: (الأربعين البلدانية) بڕوانە: (السيوطي، ١٩٨٣، ص٥١٥ ـ ٥١٦؛ ابن العماد الحنبلي، ١٩٨٦، ٧/ ٧٥٩).

**(٩)** ثمانيات: ئەو فەرموودە موسەنەدانەن، كە لە نێوان ڕاویەكە و پێغەمبەر (د.خ) هەشت ڕیوایەت هەن (بڕوانە: السخاوي، ٢٠٠٣، ٣/ ٣٤١؛ مجموعة من المؤلفين، ٢٠١٧/ ٥٩١).

**(١٠)** الملك الأفضل قطبالدين أحمد كوڕی الملك العادل أبی بكر كوڕی أيوب. لەبارەیەوە بڕوانە: (أبو شامة، ١٩٧٤، ص١٣٣؛ الحنبلي، ١٩٧٨، ص٢٧٥).

**(١١)** ابراهيم كوڕی خليل كوڕی عبدالله كوڕی محمود البعلي: فەرموودەناسێكی دیار و بەتوانای سەردەمی خۆی بووە (بڕوانە: ابن حجر، ١٩٧٢،١/ ٢٦؛ ابن حجر، ١٩٦٩، ١/ ٤٥٧).

**(١٢)** دەگەڕێتەوە بۆ شاری (سعرت– سێرت ـ أسعرد ـ سيعرت)ی هەرێمی جەزیرە، كە لە **باكوری** خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە هەڵكەوتووە، دەكەوێتە باشوری بتلیس و ماوەی ڕۆژ و نیوێكیش لە میافارقینەوە دوورە، بە كانی و ڕووبار و باخ و بیستان دەوڵەمەندە (بڕوانە: ئیبنو ئەزرەقی فارقی، ٢٠٠٧/ ٢١؛ أبو الفداء، ١٨٥٩/ ٢٨٩).

**(١٣)** أبو العباس أحمد كوڕی عبدالواحد كوڕی أحمد المقدسی البخاري الحنبلی، ئوصولی و فەرموودەناسێكی بەتوانا و ناودار بووە، خاوەنی ژمارەیەک پەرتووكە لەوانە (فضل الجهاد). بڕوانە: (المنذري، ١٩٨١، ٣/ ١٧٨؛ الذهبي، ١٩٨٥، ٢٢/ ٢٥٥ ـ ٢٥٦).

**(١٤)** دەگەڕێتەوە بۆ شاری بەناوبانگی حەران لە هەرێمی جەزیرە، لە باشوری شاری (ڕوها ـ ڕەها) هەڵکەوتووە، یەک ڕۆژە ڕێ لێیەوە دوورە، دەکەوێتە سەر ڕێگای شام و موصل و وڵاتی ڕۆم. (بڕوانە: ياقوت الحموي، ١٩٩٥، ج٢، ص٢٣٥؛ ابن سباهی زاده، ٢٠٠٦/ ٢٩١).

**(١٥)** دەگەڕێتەوە بۆ (حصن كيفا ـ حصنكيف)ی، شارۆچکە و قەڵایەکی گەورەیە، دەڕوانێتە سەر ڕووباری دیجلە، لە نێوان ئامەد، جەزیرەی ئیبن عومەر و میافارقین هەڵکەوتووە، سەر بە هەرێمی دیاربەکرە (ياقوت الحموي، ١٩٩٥، ٢/ ٢٥٦؛ بنگلی، ٢٠٠٥/ ٢٥ ـ ٣٠).

**(١٦)** محمد کوڕی أحمد کوڕی محمد کوڕی مؤيد الهمذاني زانا و فەرموودەزانێکی پایەبەرز بووە، شارەزایی و زانیاریی زۆری  لە بواری فەرموودە هەبووە (بڕوانە: الصفدي،٢،٢٠٠٠/ ٩٧).

**(١٧)** مريم کچی عبدالرحمن کچی أحمد کچی عبدالرحمن فەرموودەناس و موسەنەدێکی لێهاتووی شاری نابلس بووە، بە ست القضاة ناسراوە (بڕوانە: ابن حجر، ٢٠١٠/ ٢١).

**(١٨)** دەگەڕێتەو بۆ (دنيسر ـ دنەیسەر) شارێکی گەورەیە لە هەرێمی جەزیرە، نێوانی لەگەڵ ماردین (دووفەرسەخ/ ١٢کم)ە، بازاڕێکی فروانی هەبووە، کاروانە ڕێی بازرگانان بووە، ئێستا پێیدەڵێن (قزل تەپە) (ابن جبير، د. ت/ ١٩٣ ـ ١٩٤؛ خۆشناو، ٢٠١٤/ ٢٠٢ ـ٢٠٣).

**(١٩)** دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی (هەکاری) لە هەرێمی جەزیرە، لە ژمارەیەک شارۆچکە و گوند و قەڵا پێکهاتووە لە باکوری موصل. (بڕوانە: ياقوت الحموي، ١٩٩٥، ٥، ٤٠٨؛ هروري، ٢٠٠٦/ ٢٨ ـ ٢٩).

**(٢٠)** محمد کوڕی عبدالله کوڕی ظهيرة المخزومي المكي: شەرعزان و فەرموودەناسێکی دیاری شاری مەککە بووە، خاوەنی چەندین پەرتووکە لە زانستەکانی فیقهـ و فەرموودە. (بگەڕێوە بۆ: ابن حجر، ١٩٦٩، ٣/ ٣٣٢ ـ ٣٣٣؛ ١٩٩٤، ٣/ ٣١٤ ـ ٣١٦؛ السخاوي، ٢٠٠٣، ٦/ ٣١٣).

**(٢١)** ابو علی حسن کوڕی عمر کوڕی عيسى کوڕی خليل کوڕی ابراهيم الكردی لە جیزە نیشتەجێبووە (لەبارەیەوە بڕوانە: المقريزي، ١٩٩١، ٣/ ٤٤١؛ ابن حجر، ١٩٧٢، ١/ ١٨ ـ ١٩).

**(٢٢)** أم عبدالله ست الوزراء کچی عمر کوڕی أسعد کوڕی المنجا التنوخية الدمشقية الحنبلية بنت عمر بن أسعد بن المنجا التنوخية الدمشقية (لەبارەیەوە بڕوانە: الصفدي، ١٩٩٨، ٢/ ٣٩٩؛ ابن حجر، ١٩٧٢، ٢/ ٧٨).

**(٢٣)** دەگەڕێتەوە بۆ شاری (نصيبين ـ نسیبین)، لە هەرێمی جزیرە شارێکی ئاوەدان بووە، بە دووری (٩ فرسخ/ ٥٤کم) دەکەوێتە باکوری سنجار، هەر لە کۆنەوە کوردی تێدا نیشتەجێبووە (ابن حوقل، ١٩٣٨، ١/ ٢١١؛ ابن شداد، ١٩٩١، ج٣، ق١/ ١٢٤).

**(٢٤)** فەرموودەناس و زانای جەرح و تەعدیل عبدالرحيم کوڕی إبراهيم کوڕی إسماعيل کوڕی أبي اليسر التوخي المعري (م: ٧٤٩ک/ ١٣٤٩ز) (بڕوانە: ابن رافع، ٢/ ٧٢؛ ابن حجر، ١٩٧٢، ٣/ ١٤٤ ـ ١٤٥).

**(٢٥)** نفيسة کچی ابراهيم کوڕی سالم کوڕی اسماعيل الخباز فەرموودەناسێکی دیاری دیمەشق بووە (لەبارەیەوە بڕوانە: ابن حجر، ١٩٧٢، ٢٤٣/٤).

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم/ دەستنووسەکان:**


ـ البصروي: عبدالله بن زينالدين بن أحمد بن محمد، ابن خليل البصروي (ت: ١١٧٠هـ / ١٧٥٧م).
ـ جمان الدرر بترجمة شيخ الإسلام ابن حجر، مخطوطة مصورة، دار الكتب المصرية، (رقم: ١٣٧٩).
ـ سبط ابن حجر: سبط ابن حجر، جمالالدين يوسف بن شاهين الكركي (ت: ٨٩٩ هـ / ١٤٩٣م)
ـ النجوم الزاهرة بتلخيص اخبار قضاة مصر و القاهرة. https://gallica.bnf.fr/ark:/12148/btv1b11001643h/f9.item


**دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**


**ابن الأثير: عزالدين أبي الحسن علي بن محمد بن محمد الجزري (ت ٦٣٠ک/١٢٣٢ز).**
ـ الكامل في التأريخ، ت: عمر عبدالسلام التدمري، ط١، دار الكتاب العربي، (بيروت: ١٩٩٧).
**ابن أياس: محمد بن أحمد بن اياس الحنفي المصري (ت: ٩٣٠هـ ـ ١٥٢٣م)**
ـ بدائع الزهور فى وقائع الدهور، تحقيق، محمد مصطفى، مكتبة المدبولى، (بيروت: ١٩٩٢).
**البرزالي: علمالدين القاسم بن محمد بن يوسف الاشبيلي الدمشقي (م: ٧٣٩ هـ/ ١٣٣٨م)**
ـ المقتفي على كتاب الروضتين (تاريخ البرزالي)، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، ط١، المكتبة العصرية، (بيروت: ٢٠٠٦).
**البقاعي: برهانالدين إبراهيم بن عمر (ت: ٨٨٥ک/١٤٨٠ز)**
ـ عنوان الزمان بتراجم الشيوخ والأقران، ت: حسن حبشي، ط١، دار الكتب والوثائق، (القاهرة: ٢٠٠١).
**إبن تغري بردي: جمالالدين أبي المحاسن يوسف الاتابكي، (ت: ٨٧٤ک/١٤٦٩ز)**
ـ المنهل الصافي والمستوفي بعد الوافي ت: محمد محمد أمين، الهيئة المصرية للكتاب، (القاهرة: ٢٠٠٩).
ـ النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، دار الكتب، (القاهرة: د. ت).
**ابن جبير: محمد بن احمد الكناني الاندلسي (ت: ٦١٤ک/١٢١٧ز)**
ـ رحلة ابن جبير، دار ومكتبة الهلال، (بيروت: د. ت).
**ابن الجزري: شمسالدين أبي عبدالله محمد بن إبراهيم بن أبي بكر القرشي (م: ٧٣٨هـ / ١٣٣٧م):**
ـ تاريخ حوادث الزمان وأنبائه ووفيات الأكابر والأعيان من أبنائه (تأريخ ابن الجزري)، تحقيق: عمر عبدالسلام التدمري، المكتبة العصرية، (بيروت: ١٩٩٨).
**حاجي خليفة: حاجي خليفة: مصطفى بن عبدالله (ت: ١٠٦٧هـ /١٦٥٦م)**
ـ كشف الظنون عن أسامي الكتب والفنون، مكتبة المثنى، (بغداد: ١٩٤١).
**الحافظ العراقي: زينالدين عبدالرحيم بن حسين العراقي (٨٠٦ه / ١٤٠٣م):**
ـ الذيل على ذيل العبر، تحقيق: أحمد عبد الستار، ط١، دار الذخائر، القاهرة: ٢٠١٩).

ـ الوفيات، تعليق: أحمد عبدالستار، ط١، دار الذخائر، (القاهرة،٢٠١٨).
**إبن حجر العسقلاني: شهابالدين احمد بن علي (ت: ٨٥٢ک/١٤٤٨ز)**
ـ إنباء الغمر بأبناء العمر، ت: حسن حبشي، لجنة إحياء التراث الإسلامي، (القاهرة: ١٩٦٩).
ـ الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة، ت: محمد عبدالمعيد ضان، مجلس دائرة المعارف الإسلامية، (حيدر اباد: ١٩٧٢ز).
ـ تبصير المنتبه بتحرير المشتبه، ت: محمد علي النجار، ط١، امكتبة العلمية، (بيروت: د.س).
ـ المجمع المؤسس للمعجم المفهرس، ت: يوسف عبدالرحمن، ط١، دار المعرفة، (بيروت: ١٩٩٤).
ـ المعجم المفهرس أو تجريد أسانيد الكتب المشهورة والأجزاء المنثورة، تحقيق: محمد شكور المياديني، مؤسسه الرسالة، (١٩٩٨ ـ بيروت).
**ابن حوقل: محمد بن حوقل البغدادي، (ت: ٣٦٧ک/٩٧٧ز)**
ـ صورة الارض، دار صادر، (بيروت: ١٩٣٨م).
**ابن خطيب الناصرية: ابي الحسن على بن محمد الحلبى (ت: ٨٤٣ه/١٤٣٩م)**
ـ الدر المنتخب في تكملة تأريخ حلب، ت: أحمد فوزي الهيب، ط١، مؤسسة عبدالعزيز سعود البابطين الثقافية، (الكويت: ٢٠١٨).
**الذهبي: شمسالدين محمد بن احمد بن عثمان (ت: ٧٤٨ هـ /١٣٧٤م)**
ـ تاريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، تحقيق: بشار عواد معروف، ط١، المكتبة التوفيقية، (د.م: د.س).
ـ المعجم المختص بالمحدثين، تحقيق: محمد الحبيب الهيلة، مكتبة الصديق، (الطائف:١٩٨٨).
ـ معجم الشيوخ الكبير، تحقيق: محمد الحبيب الهيلة، مكتبة الصديق، (الطائف:١٩٨٨).
**ابن رافع: تقيالدين محمد بن هجرس السلامي (ت: ٧٧٤ هـ / ١٣٧٢م)**
ـ الوفيات، تحقيق: صالح مهدي عباس و بشار عواد معروف، مؤسسة الرسالة، (بيروت: ٢٠٠١).
**الزبيدى: محمد بن محمد بن عبدالرزاق (ت: ١٢٠٥هـ/١٧٩٠م)**
ـ ترويح القلوب في ذكر الملوك بني ايوب، تحقيق: د.صلاحالدين المنجد، دار الكتاب الجديد، (بيروت: ١٩٦٩م).
**سبط ابن العجمي: موفقالدين أحمد بن إبراهيم بن محمد (ت: ٨٨٤هـ /١٤٨٠م)**
ـ كنوز الذهب في تأريخ حلب، دار القلم، (حلب: ١٩٩٧م).
**ابن سباهي زادة: محمد بن علي البروسوي (م:٩٩٧هـ / ١٥٨٩م):**
ـ أوضح المسالك الى معرفة البلدان والممالیک، تحقيق: المهدي عيد الرواضية، دار الغرب الإسلامي، (بيروت: ٢٠٠٦).
**السخاوي: شمسالدين محمد بن عبدالرحمن بن محمد (ت: ٩٠٢ه/١٤٩٧م)**
ـ الضوء اللامع لأهل القرن التاسع، ت: عبداللطيف حسن، ط١، دار الكتب العلمية، (بيروت: ٢٠٠٣).
ـ الذيل التام على دول الأسلام للذهبي، ت: محمد الأرناؤوط، ط١، دار ابن العماد، (بيروت: ١٩٩٢).
ـ التبر المسبوك في ذيل السلوك، ت: لبيبة ابراهيم مصطفى، دار الكتب والوثائق، (القاهرة: ٢٠٠٢).

ـ الجواهر والدرر في ترجمة شيخ الإسلام ابن حجر، ت: ابراهيم باجس، ط١، دار حزم، (بيروت: ١٩٩٩).

ـ فتح المغيث بشرح الفية الحديث للعراقي، تحقيق: علي حسين علي، ط١، مكتبة السنة، (القاهرة: ٢٠٠٣).

**السلمي**: محمد بن صامل بن صويمل:

ـ مسائل نفيسة في منهج كتابة التأريخ خمس فتاوى لخمسة من كبار علماء القرن التاسع الهجري، تحقيق: محمد صامل السلمي، دار الحراء، (مكة المكرمة: ١٩٨٦).

**السيوطي: جلال‌الدين بن عبدالرحمن بن ابى بكر (ت: ٩١١ هـ / ١٥٠٥م)**

ـ بغية الوعاة في طبقات اللغويين والنحاة، ت: محمد أبو الفضل، المكتبة العصرية، (صيدا: ٢٠١٠).

ـ طبقات الحفاظ، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٩٨٣).

ـ ذيل طبقات الحفاظ، ت: الشيخ زكريا عميرات، دار الكتب العلمية، (د.م: ١٩٩٨)

ـ حسن المحاضرة في تأريخ مصر والقاهرة، ت: محمد أبو الفضل ط١، دار إحياء الكتب، (د.م: ١٩٦٧).

ـ نظم العقيان في أعيان ألأعيان، تحيقق: فيليب حتي، (بيروت: د. ت).

**ابو شامة: عبدالرحمن بن إسماعيل بن إبراهيم المقدسي (ت: ٦٦٥ك/١٢٦٦ز).**

ـ الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية، ت: إبراهيم الزيبق، ط١، مؤسسة الرسالة، (بيروت: ١٩٩٧).

ـ تراجم رجال القرنين السادس والسابع المعروف بالذيل على الروضتين، ط١، دار الجيل، (بيروت: ١٩٧٤).

ابن شاهين: عبدالباسط بن خليل بن شاهين الملطي (ت: ٩٢٠هـ /١٥١٤م).

ـ نيل الأمل في ذيل الدول، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، ط١، المكتبة العصرية، (بيروت: ٢٠٠٢).

**ابن شداد: عزالدين محمد بن علي بن ابراهيم بن شداد (ت: ٦٨٤ك/١٢٨٥ز)**

ـ النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية، ت: جمال‌الدين الشيال، ط٢، مكتبة الخانجي، (القاهرة: ١٩٩٤).

ـ الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة، تحقيق: يحيى زكريا، دار إحياء تراث العربي، (دمشق: ١٩٩١م).

**الشوكاني: محمد بن علي الشوكاني (ت: ١٢٥٠ هـ / ١٨٣٤م)**

ـ البدر الطالع بمحاسن من بعد القرن السابع، دار المعرفة، (بيروت: د. ت).

**الصفدي: صلاح‌الدين خليل بن ايبك (ت: ٧٦٤هـ/١٣٦٣م)**

ـ الوافي بالوفيات، تحقيق: أحمد الأرناؤوط وتركي مصطفى، دار إحياء التراث (بيروت: ٢٠٠٠م).

ـ أعيان العصر وأعوان النصر، تحيقق: علي أبو زيد واخرون، دار الفكر المعاصر، (بيروت: ١٩٩٨م).

**الاصفهاني، عمادالدين الكاتب أبو عبدالله محمد (ت ٥٩٧ هـ / ١٢٠١م)**

ـ الفتح القسي في الفتح القدسي، ط٢، دار المنار، (د.م: ٢٠٠٤).

**ابن طولون: ابن طولون: شمس‌الدين محمد (ت: ٩٥٣هـ/١٥٤٥م)**
ـ القلائد الجوهرية في تأريخ الصالحية، ت: محمد أحمد دهمان، مجمع اللغة العربية، (دمشق: ١٩٨٠).
**ابن العديم: ابو القاسم كمال‌الدين عمر بن احمد بن هبةالله الحلبي (ت: ٦٦٠ک/١٢٦٢ز)**
ـ بغية الطلب في تأريخ حلب، ت: سهيل زكار، دار الفكر، (د.م: ٢٠١٠).
ابن العراقي: ولي‌الدين أبو زرعة أحمد بن عبدالرحيم بن الحسين الكردي (ت: ٨٢٦ه/١٤٢٢م).
ـ الذيل على العبر في خبر من العبر، تحقيق: صالح مهدي عباس، مؤسسة الرسالة، (بغداد: ١٩٨٩م).
**ابن العماد الحنبلي: ابو الفلاح عبدالحي بن أحمد (ت: ١٠٨٩هـ /١٦٧٨م)**
ـ شذرات الذهب في أخبار من ذهب، ت: محمود الأرناؤوط، ط١، دار ابن كثير، (دمشق: ١٩٨٦).
**العيني: العينى: بدرالدين محمود بن احمد الحنفي (ت: ٨٥٥ هـ/١٤٥١م)**
ـ عقد الجمان في تأريخ أهل الزمان، ت: محمد محمد أمين، دار الكتب والوثائق، (القاهيرة: ٢٠١٠).
**الغزي: تقي‌الدين بن عبدالقادر التميمي (ت: ١٠١٠هـ /١٠٦١م)**
ـ الطبقات السنية في تراجم الحنفية، ت: عبدالفتاح محمد الحلو، دار الرفاعي، (الرياض: ١٩٨٣م).
**الغزي العامري: رضي‌الدين ابي البركات محمد بن احمد بن عبدالله (ت: ٨٦٤هـ/١٤٥٩م)**
ـ بهجة الناظرين إلى تراجم المتأخرين من الشافعية البارعين، ت: كمال يوسف الحوت، ط١، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٩٩١).
**الفاسي: تقي‌الدين محمد بن أحمد بن (ت: ٨٣٢هـ/ ١٤٢٨م)**
ـ العقد الثمين في تأريخ البلد الأمين، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العملية، (بيروت: ١٩٨٨).
ـ ذيل التقييد في رواة السنن والأسانيد، ت: كمال يوسف، ط١، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٩٩٠).
**ـ ابو الفداء: عمادالدين إسماعيل بن علي بن محمود (٧٣٢ک/١٣٣١ک)**
ـ تقويم البلدان، اعتنى بتصحيه وطبعه: رينود بارون ماك كوكين ديسلان، دار طباعة السلطانية، (باريس: ١٨٥٠م).
**ـ ابن فهد المكي: أبو الفضل تقي‌الدين محمد بن محمد بن ابن فهد الهاشمي (ت: ٨٧١ هـ /١٤٦٦م).**
ـ لحظ الألحاظ بذيل طبقات الحفاظ، ط١، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٩٩٨).
**ابن قاضي شهبة: تقي‌الدين أبو بكر بن أحمد بن محمد (ت: ٨٥١ هـ /١٤٤٨م)**
ـ طبقات الشافعية، تحقيق: الحافظ عبدالعليم خان، عالم الكتب، (بيروت: ١٩٨٧).
**ابن القلانسي: أبي يعلي حمزة بن أسد (ت: ٥٥٥ هـ/ ١١٦٠م)**
ـ تأريخ دمشق، ت: سهيل زكار، ط١، دار حسان للطباعة والنشر، (دمشق: ١٩٨٣).
**ابن كثير: أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري ثم الدمشقي (ت: ٧٧٤ک/١٣٧٢ز)**
ـ البداية والنهاية، تحقيق: عبدالله بن عبدالمحسن التركي، دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع والإعلان (د.م: ١٩٩٧).
**ابن كنان: محمد بن عيسى (ت: ١١٥٣ هـ/ ١٧٤٠م)**

ـ المروج السندسية الفسيحة في تلخيص تأريخ الصالحية، ت: محمد أحمد دهمان، مديرية الآثار، (دمشق: ١٩٤٧).

**المقريزي: تقي‌الدين احمد بن علي (ت: ٨٤٥ هـ /١٤٤١م)**

ـ السلوک لمعرفة دول الملوک، ت: محمد عبدالقادر عطا، ط١، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٩٩٧).

ـ درر العقود الفريدة في تراجم الأعيان المفيدة، ت: محمود الجليلي، دار الكتب، (بيروت: ٢٠٠٢م).

ـ كتاب المقفى الكبير، تحقيق: محمد اليعلاوي، ط١، دار الغرب الإسلامي، (بيروت: ١٩٩١).

**المناوي: زين الدين محمد عبد الرؤوف بن تاج العارفين القاهري (ت: ١٠٣١هـ/ ١٦٢١م)**

ـ اليواقيت والدرر في شرح نخبة ابن حجر، ت: المرتضي الزين أحمد، مكتبة الرشد، (الرياض: ١٩٩٩).

**المنذري: زكي‌الدين عبدالعظيم بن عبدالقوي (ت: ٦٥٦هـ/ ١٢٥٨م)**

ـ التكملة لوفيات النقلة، تحقيق: بشار عواد معروف، ط٢، مؤسسة الرسالة، (بيروت: ١٩٨١).

**ابن ناصرالدين الدمشقي: شمس‌الدين محمد بن عبدالله الدمشقي (٨٤٢هـ / ١٤٣٩م)**

ـ توضيح المشتبه في ضبط أسماء الرواة وأنسابهم وألقابهم وكناهم، ت: محمد نعيم العرقسوسي، ط١، مؤسسة الرسالة، (بيروت: ١٩٩٣).

**نجم‌الدين ابن فهد المكي: عمر بن فهد الهاشمى (ت: ٨٨٥ هـ /١٤٨٠م)**

ـ معجم الشيوخ، تحقيق: محمد الزاهي، مكتبة المعاصر، (الرياض: ١٩٨٢م).

**النويري: شهاب‌الدين أحمد بن عبدالوهاب (م: ٧٣٣ هـ/ ١٣٣٣م)**

ـ نهاية الأرب في فنون الأدب، ط١، دار الكتب والوثائق القومية، (القاهرة: ٢٠٠٢).

**ابن أبي الهيجاء: عزالدين محمد الهذباني الاربلي (ت: ٧٠٠هـ / ١٣٠١م)**

ـ تأريخ ابن أبي الهيجاء، ت: صبحي عبدالمنعم محمد، ط١، رياض الصالحين طباعة. نشر. توزيع، (١٩٩٣: د.م).

**اليافعي: أبو محمد عبدالله بن أسعد اليمني المكي (م: ٧٦٨هـ / ١٣٦٦م)**

ـ مرآة الجنان وعبرة اليقظان في معرفة ما يعتبر من حوادث الزمان، **وضع حواشيه: خليل المنصور، ط١، دار الكتب العملية، (بيروت: ١٩٩٧).**

**ياقوت الحموي: شهاب‌الدين أبو عبدالله ياقوت بن عبدالله (ت: ١٢٢٩/٦٢٦ز)**

ـ معجم البلدان، ط٢، دار صادر، (بيروت: ١٩٩٤).

**سێیەم: سەرچاوە و ژێدەرەکان بە زمانی کوردی:**

* ئیبنو ئەزرەقی فارقی: احمد بن یوسف بن علی الازرق (ت: ٥٧٢ک/١١٧٦ز).

ـ میژووی میافارقین وئامەد، و: قادر محەمەد پشدەری و ئاکۆ بورهان محەمەد، چاپخانەی منارە، (هەولێر: ٢٠٠٧ز).

ـ خۆشناو: حەکیم ئەحمەد، کورد و کوردستان لە دیدی گەڕیدە و وڵاتناسانی موسڵمان (٢٣٢ ـ ٦٢٦ک/ ٨٤٦ ـ ١٢٢٩ز)، و: شوکر سلێمان، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، (هەولێر: ٢٠١٤).

- محمد: نیشتیمان بەشیر، کورد و سەلجوقییەکان لێکۆڵینەوەیەک لە پێوەندییە سیاسیەکانیان، و: ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، چ٢، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، (هەولێر: ٢٠٠٦).

**چوارەم: ژێدەرەکان بە زمانی عەرەبی:**

- بنگلی: سیپان حسن علی، حصن كيفا (٦٠٠-٧٠٠هـ - ١٢٠٠-١٣٠٠م) دراسة فی تاریخیها السیاسی والحضاري، (اربیل: ٢٠٠٥م).
- جمال‌الدين: أمينة محمد، النساء المحدثات في العصر المملوكي ودورهن في الحياة الأدبية والثقافية، ط، دار الهداية، (د.م: ٢٠٠٣).
- حسن: على إبراهيم، استخدام المصادر وطرق البحث في تأريخ الإسلامي العام وفي تأريخ المصري الوسيط، ط٢، مكتبة النهضة المصرية، (القاهرة: ١٩٦٣).
- حمدي عبدالمجيد السلفي و تحسين ابراهيم الدوسكي، عقد الجمان في تراجم العلماء والأدباء الكرد والمنسوبين إلى مدن وقرى كردستان، ط١، مكتبة الأصالة والتراث، (الشارقة: ٢٠٠٨م).
- خضر: عبدالعليم عبدالرحمن، المسلمون وكتابة التأريخ دراسة في التأصيل الأسلامي لعلم التأريخ، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، (د.م: ١٩٩٥).
- درويش يوسف حسن هروري، بلاد هكاري الكردية من الفتح لإسلامي حتي العهد المغولي، ط١، دار العربية للموسوعات، (بيروت: ٢٠٠٦م).
- زكي، محمد امين، مشاهير الكرد وكردستان، ت: سانحة زكي بک، ط٢، دار الزمان، (دمشق: ٢٠٠٦).
- الزهراني: محمد بن مطر، علم الرجال نشأته وتطوره من القرن الأول إلى نهاية القرن التاسع، دار الخضيري، (د.م: د.س).
- سالم: السيد عبدالعزيز، مناهج البحث في التأريخ الإسلامي ولآثار الإسلامية، مؤسسة شباب، (الاسكندرية: ٢٠١٠).
- السلامة: ناصر بن سعود بن عبدالله، معجم مؤلفات ابن حجر العسقلاني المخطوطة بمكتبات المملكة العربية السعودية، دار أطلس، (الرياض: ٢٠٠٢).
- الصويركي، علي، معجم أعلام الكرد في تاريخ الاسلامي واعصر الحديث في كردستان وخارجها، بنكةی ذين، (السليمانية: ٢٠٠٦).
- العزاوي: عباس، التعريف بالمؤرخين في عهد المغول والتركمان، شركة التجارة والطباعة، (د.م: ١٩٥٧).
- عزالدين: محمد كمال‌الدين، التأريخ والمنهج التأريخي لابن حجر العسقلاني، ط١، دار اقرأ، (بيروت: ١٩٨٤).
- عبدالغني: حسن محمد، التراجم والسير، ط١، دار المعارف، (د.م: د.س).
- عبدالمنعم: شاكر محمود ابن حجر العسقلاني مصنفاته ودراسة في منهجه وموارده في كتابه الإصابة، ط١، مؤسسة الرسالة، (بيروت: ١٩٩٧).
- العمري: أكرم ضياء، بحوث في تأريخ السنة المشرفة، مكتبة العلوم، (المدينة المنورة: د.س).

ـ فوزية يونس فتاح و فرهاد حاجي عبوش، المرأة الكردية ودورها في خدمة الحديث النبوي الشريف من القرن (٦ ـ ٩ هـ / ١٢ ـ ١٥ م)، ط١، مركز زاخو للدراسات الكردية، (زاخو: ٢٠١٩).
ـ كحالة: عمر رضا كحالة، اعلام النساء في عالمي العرب ولاسلام، مؤسسة الرسالة، (بيروت: د. ت).
ـ مجموعة من المؤلفين، معجم مصطلحات العلوم الشرعية، ط٢، مدينة الملك عبدالعزيز للعلوم والتقنية، (الرياض: ٢٠١٧).
ـ مدرس: عبدالكريم محمد، علماؤنا في خدمة العلم والدين، دار الحرية، (بغداد: ١٩٨٤م).
ـ معتوق: صالح يوسف، جهود المرأة في رواية الحديث القرن الثامن الهجري، ط١، دار البشائر، (بيروت: ١٩٩٧).
ـ مەلا طاهر مەلا عبدالله بەحرکەیی، مێژووی زانایانی کورد، چاپخانەی ئاراس، (هەولێر: ٢٠١٠).
ـ النقشبندي: حسامالدين علي غالب، أذربيجان أيران في عصر السلجوقي (٤٢٠ ـ ٦٢٤هـ/ ١٠٢٩ ـ ١٢٢٧م).
دراسة في أحوالها السياسية والأدارية والعسكرية)، بنكەی ژين، (السليمانية: ٢٠١٢).
ـ الهسنياني: صالح شيخو، علماء الكورد وكوردستان من القرن الأول الهجرى للإسلام الى وفيات سنة (١٤٠٠هـ ـ ١٩٨٠م) مطبعة هاوار، (دهوك: ٢٠١٢).
ـ الوافي: محمد عبدالكريم، منهج البحث في التاريخ والتدوين التاريخي عند العرب، ط٣، منشورات جامعة قاريوسف، (بنغازي: ٢٠٠٨).
ـ يوسف: محمد خير رمضان، المرأة الكردية في تأريخ الإسلامي،ط١، دار القادري، (بيروت: ١٩٩٢).

**پێنجەم: نامە زانكۆييەكان:**

ـ الجبوري: سياف عبد حسين عطية، ابن حجر العسقلاني مؤرخا من خلال كتابه إنباء الغمر بأنباء العمر، رسالة الماجستير، جامعة تكريت، كلية التربية، ٢٠١٠.
ـ كبيسي: ابراهيم رشيد محمد، منهج ابن حجر العسقلاني، في كتابه الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة، رسالة الماجستير، جامعة الموصل، كلية التربية الأساسية، قسم التاريخ، ٢٠١٣.
ـ محمد: سعاد بنت إبراهيم: النجم ابن فهد مؤرخا، رسالة دكتوراه، جامع ام القرى، كلية الشريعة والدراسات الإسلامية، قسم الدراسات العليا التأريخية والحضارية، مكة المكرمة، ١٩٩٤.

**شەشەم: گۆڤارەكان بە زمانی كوردی ـ عربی:**

ـ محمد: نادي عبدالله، محدثات مصر وجهودهن في خدمة الحديث الشريف في القرن الثامن الهجري، مجلة قطاع أصول الدين، المجلد ١٦، العدد ١٦، ٢٠٢١، القاهرة.
ـ محمد، نيشتمان بشير، جويرة الهكارية ٧٠٤ ـ ٧٨٣ هـ / ١٣٠٥ ـ ١٣٨١م)، گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤايەتييەكان، ژ٥٦، هەولێر، ٢٠١٣.

**ملخص البحث:**

تسلط الضوء هذه الدراسة على عدد من العالمات والمحدثات الكرديات في عصر المملوكي (٦٤٨ ـ ٩٢٣هـ/ ١٢٥٠ ـ ١٥١٧م) وقد سجل المؤرخ ابن حجر العسقلاني (٧٧٣ـ ٨٥٢ك ـ ١٣٧١ـ ١٤٤٨ز) سيرتهن من خلال كتبه التأريخية، كان لهن الدور البارز في خدمة العلوم الشرعية و الحديث النبوي الشريف، وشاركت هؤلاء العالمات الكرديات في تعليم المئات من مشاهير العلماء و المحدثين و بذلك أصبحن رمز الفخر للحضارة الإسلامية بشكل عام و الأمة الكردية بشكل خاص.